هۆنراوە

# ئەڵقە

شوان مجید (سەدایی)

کەرکووک

٢٠١٣

ناوی کتێب: ئەڵقە

بابەت: هۆنراوە

هۆنەر: شوان مجید (سەدایی)

تایپ: هۆشیار عبدالعزیز داقوقی

بەرگ: حەیدەر عومەر

دەرهێنانی هونەری: ئەنجام سەعید

لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد– لقی کەرکووک ژمارە (٢١٠)

چاپخانە: کارۆ

چاپی یەکەم– ٢٠١٣

تیراژ: (٥٠٠)دانە

پێشکەشە بە:-

- شاعیرە نەمرەکانی نەتەوەکەم.
- کۆی خێزانە ئازیزەکەم.
- هەر کوردێک کە بۆ خاک و نەتەوەکەی ساتێک بێ ئارام بووە.
- تێکــڕای ئــەو ئازیزانــەی هاوکــارم بــوون بــۆ کۆبەنــدکردنی شیعرەکانم تا بە چاپم گەیاندن.
- عاشقانی شیعر.

## وتەیەك كە پێویست نییەو پێویستیشە

(ئەرستۆ) دەڵێت شیعر لاساییكردنەوەی سروشت و بارودۆخی ژیانە بەهەموو شێوەیەك.

(محمد ئەلنوەیهی) دەڵێ : شیعری راست و رەسەنی كەلە پوری شیعریمان هەمیشە لەزمانی قسەكردنەوە نزیك بووە.... هەروەكو ئاخاوتنی رۆژانەی خەڵك راستگۆیی تیابووە.

(ئیلیوت) دەڵێ : سەركەوتوترین بەشی شیعر یا بەڵكو دیارترینیان ئەو بەشانەیەتی كەشاعیر تیایدا جێ پە نجەو دەنگی شاعیرانی پێش خۆی بەشێوەیەكی بەهێزو نەمر بەرجەستە دەكات .

هەروەها بەرای گەلێك لەرەخنەگرانیش شیعر رەخنەگرتنە لەژیان و دۆزینەوەی شتێ گەلێكی نوێیە لەژیاندا یان لەهەندێك كەلێنی ژیاندا.

هونەرمەندی شێوەكار (رۆبەر توونی) رای وایە شیعر روناكی و هەست و خەیاڵی داهێنەرانەی گەلەو چەكێكی نەبینراوەو جەنگێكی چەتەگەری ناوخۆییە دژی بەرژەوەندی تاك .

بەبروای (هۆراس) یش شیعر بەهرەیەو وردەكاریەو بەبوونی هەردوو لایەنەكە شیعری سەركەوتوو دەنوسرێ و دێتەبوون .

ئەگەر ئەم شیعرانەی ( كاك شوان تیلەكۆیی ) ناسراو بە (سەدایی) كە نازناوە هونەرییەكەیەتی بەوردی بخوێنینەوە هەموو ئەو خەسڵەت و مۆرك و ئەدگارو هەلومەرجانەی تێدا بەدیدەكرێ كە ئەو فەیلەسوف و شاعیرو رەخنەگرانەی پێشتر ناومان بردن باسیان كردبوو.

من وەك خۆم بەرەوتێكی جیاواز و شێوازێكی جیاكار دەنوسم بەلام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت كە هەر شاعیرێك بەجۆرێكی دیكە بنوسێت من پەسەندی نەكەم یان پەسەند نەكرێ من بەدڵنیاییەوە دەڵێم كەرەشنووسی ئەم شیعرانەم خوێندەوە گەلێ لەشیعرەكانی سەرنجیان راكێشام و ئەوەیان بۆ سەلماندم كە (سەدایی) بایەخێكی زۆری بە ریتم و مۆسیقاو كێش و سەروای شیعر داوە و تاموچێژی شیعری شاعیرانی كۆنی بەشێوازی تایبەتی خۆی گواستۆتەوە ناو شیعرەكانی خۆی و بەئامێرو كەرەستەی شیعری باو دنیایەكی نوێی شیعری بۆخۆیی و خوێنەران دروست كردووە.

واتە كە شیعرەكانی دەخوێنینەوە شیعری شاعیرانی رابردومان دێتەوە یاد كەئەمەش مۆركێكە لەمۆركە جوانەكانی شیعری شاعیر (سەدایی) جێی خۆیەتی ئەوە بێنمەوە یاد كە ئەگەر قوتابخانەیەكی ئەدەبی سەری هەڵدا ئیتر مانای ئەوە نیە قوتابخانەو رێبازە شیعریەكانی دیكە كۆتاییان پێ دێ و دەخرێنە مۆزەخانەوە لەگەڵ ئەوەدا كەدەیان قوتابخانەو رێبازو





شێوازی ئەدەبی نوێ و نوێگەری هاتونەتە كایەوە هەتا ئێستاش چ لەبواری ئەدەب داو چ لەبواری هونەردا شێوازو رێبازە كۆنەكان كاریان پێ دەكرێ وە لەم رۆژگارەشدا گەلێ شاعیری لاو هەن نوێ خوازیشن بەلام بەرەوتی كۆن شیعرو چیرۆك و رۆمان دەنوسن و گەلێ هونەرمەندی لاویش هەن بە پێی رێورەسمی قوتابخانەو رێبازە كۆنەكان كارە هونەریەكانیان بەرجەستە دەكەن.

شاعیر (سەدایی) ش . بابەتە نوێكانی شیعری خۆی لەكەش و هەوای شیعری شاعیرانی رابردوودا دەنوسێ و لە شیعرەكانیدا بایەخ بەوجوانكاریانە دەدات كەشاعیرانی پێشوو بایەخیان پێداوە بەتایبەتی ئەو شاعیرانەی كە دەچنە خانەی شیعری لیركی و رۆمانسیەوەو دەتوانین بڵێین (سەدایی) شاعیرێكە لەو شاعیرانەی كە دەیەوێت لەقاڵبێكی رۆمانسیدا شیعرەكانی خۆی پێشكەش بەخوێنەران بكات و كەش و هەوای شیعرەكانی (سەدایی) لیركی یەو لەم بارەیەشەوە ئەمەش رێ خۆشكەرە بۆئەوەی گەلێ لەشیعرەكانی بكرێن بەگۆرانی بۆ نمونە سەیری ئەم كۆپلەیە بكەن لەشیعرێكیدا

«ئەم دڵەی وا ئێستە كونجی سینەی گرتووە

لای منە راستە بەلام وا هەر لەبەر یێت كەوتووە

چاوەڕێی لوتفێكی تۆیە لەو دوو لێوەت داكەوێ

دەی بفەرموو بۆچی زاری رازنبونت خەوتووە»

لەكۆتاییدا دەست خۆشی لەبرای بەرێزم (كاك شوان تیلەكۆیی) ناسراو بە (سەدایی) دەكەم و هیوادارم ئەم دەستنووسەی بەچاپكراوی لە پەرتوكخانەی كوردیدا جێی شایستەی خۆی بكاتەوەو دەیان بەرهەمی چاپكراوی تری بگاتە بەر دیدەم.

ماوەتەوە بڵێم بڕینی رێگای هەزار میلی بەهەنگاوێك دەست پێدەكات و ئەمە یەكەم هەنگاوی ئەم شاعیرەیەو هیوادارم كۆسپ و تەگەرەو گابەردو درك و داڵ و رەشەباو زریان و ئاگرو كرێوەو هەورازو نشێوی رێگاكە لەبڕینی رێگای هەزار میللەكەدا ماندوی نەكات و دوای ئەم بەرچنەیەش بەرهەمی جوانتر و جوانترمان پێشكەش بكات. بەهیوای سەركەوتنی...

لەتیف هەڵمەت

## دەروازەیەك
## بۆ نێو دنیای ئەڵقە

ئەدەب ڕۆژ بەڕۆژ بەپێی گۆڕانی کۆمەڵ و لەگەڵ ئادەمیزاددا پەرەی سەندووە و بەرەو پێشەوە چووە، هەروەها کارەسات و خۆشی و ناخۆشییەکانی ژیان چۆن کاریان لە مرۆڤ کردووە، ئاواش جێ پەنجە و دەستی خۆیان لەسەر بەرهەمە ئەدەبییەکان بەپێی سروشتی لەیەك جیاوازییان دیارە.

بەدەگمەن دوو کەس لە هەموو شتێکدا لەیەك دەچن، یاخود وەکو یەك دەبن، بۆیە دەبێت شاکارە ئەدەبییەکانیش بابەت و مۆرك و جۆری تایبەتی و جیاوازی خۆیان هەبێت، بەلای ئەرەستۆوە ناوەڕۆك و فۆرم و مەبەست، جۆر و بابەتی بەرهەمی شیعری دیاری دەکەن، بۆیە بابەتی کۆمیدیا لە تراژیدیا جیا





دەکاتەوە و هەردووکیشیان پێکەوە لە قارەماننامە جیادەکاتەوە، وەکو ئاشکرایە شیعر کێش و سەروا و مۆسیقا، جۆرە ڕیتمێکی هەیە کە لە بابەتەکانی تردا نییە.

نووسین پرۆسەیەکە پێویستیی بە بنیاتێك هەیە، کە ڕەگەزەکانی کۆبکاتەوە، پێکهاتە و بنیاتی شیعر لەڕوانگەی کۆمەڵە دەنگ و بۆچوونێکەوە، وا دەخوازێت کە بواری کارەکەی لەڕووی چۆنییەتی گێڕانەوەوە فراوانتر ببێتەوە، گوتاری شیعریش لە هەر کارێکی ئەدەبیدا، بە چەند پلە و ڕێگایەکی جیاجیا تێدەپەڕێت و توانایەکی جەوهەریشی پێ دەبەخشێت.

کاتێك کە ڕەخنەگر لە پەیوەندیی نێوان شیعر و شێوازی گێڕانەوە ئەکۆڵێتەوە، هەروەها چۆنییەتی گێڕانەوە لە هۆنراوە و شێوەکانی بنیاتە هونەرییەکەی وەردەگرێت، لەو حاڵەتەشدا پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی وورد هەیە سەبارەت بە خولیای شیعریی شاعیر، پاشان بۆچوونەکانی خۆی سەبارەت بە کات و شوێن دەستنیشان دەکات.

ڕوانین و شێواز لە بابەتەکانی شیعری گێڕانەوەدا، بەپێی پێکهاتە و داڕشتنی دەقەکە و بزاڤی گێڕانەوەکەی کە تیایدایە جۆراوجۆرە، چونکە ئاستی گونجاندن لەنێوان واتای دەقەکە و گێڕانەوەکەیدا دەردەکەوێت، هەروەها لەمیانەی دیالۆگی هۆنراوەکەوە هەڵدەقوڵێت.

زۆرجار شاعیر جارێك خۆی قسە دەکات و جارێکی تریش کەسێکی ناوەکی درێژە بە دیالۆگەکە دەدات، زۆر جار بنیاتی هونەریی هەر دەقێکی شیعری هەندێك دیاردەی تێدا دەردەکەوێت، کە لە زۆربەی گۆڕانکارییە ستراکچەرییەکانی دەقدا، دەبنە بەشێکی گرنگ لە دەقەکە.

دەقی شیعریی نوێ، لە ویژدانی شاعیردا، زیاتر پشت بە وەسفی زیندوو دەبەستێت و مانای مرۆڤایەتی و بیری وشیارانە تێکەڵ بە شیعری نوێ بووە، هەروا شێوازی شیعری نوێی کوردی لیریکییە و ناو بەناو دیالۆگی تێکەڵ دەبێت.





بەهۆی گۆڕانی بارودۆخی ژیان و سەردەمەوە چەند ڕەگەزێکی شیعری نوێ هاتە کایەوە کە دیاریترینیان شیعری ڕۆمانسییە، کە شاعیران بەهۆیەوە هەوڵدەدەن قەوارەیەکی سەقامگیر بۆ ئیستاتیکا داڕێژن، هەروا سەرهەڵدانی شیعری ڕامیاری وەکو سیمایەکی دیاری دیکەی ڕەگەزی شیعری نوێیە.

خاوەنی ئەم کۆشیعرە بەتوانایەکی پڕ لە ئیستاتیکا و فەنتازیای شیعرەوە توانیویەتی بنەماکانی شیعر و پێوەرە جوانناسییەکان لەم کۆشیعرەدا بەرجەستە بکات، ئەوەش هێمای دەسەڵات و شیانی شاعیرییەتە، چاوەڕوانی پاشەڕۆژێکی شیعریی بەهیممەت و بەپێزی لێدەکرێت، دەست و چاوی خۆش بێت و سەرفراز بێت.



د.ئازاد عبدالواحد کریم

کەرکوك ٢٠١٣

## کورتەیەك لە ژیانی شاعیر

«شوان مەجید کەریم» ناسراو بە شوانی عەریف مەجید لە عێلی جافە لە عەشیرەتی تیلەکۆ، ساڵی ١٩٦٦ لە شارۆچکەی «ماوەت»ی سەر بەپارێزگای سلێمانی هاتووەتە ژیانەوە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی هەر لەو شارۆچکەیە تەواو کردووە.. شاعیر، لە بنەماڵەیەکی تێکۆشەری کوردپەروەری نیشتیمانپەروەرە و ژیانی بنەماڵەکەیان کە بەشداری راستەوخۆیان لە کاروانی خەباتی سیاسی و سەربازی نەتەوەکەیاندا کردووە و بووەتە قوتابخانە و وێستگەیەکی دەوڵەمەند بۆ پەروەردەکردن و هۆشیاربوونەوە و لەڕێگەی ئەو کار و ئەرك و چالاکییانەی کە لەناو ماڵی ئەواندا تاوتوێ دەکرا، هەر بۆیە شاعیر زووتر لە تەمەنی پێویست چاوی بۆ ژیان کرایەوە و ژیانی لە بەرەنگاربوونەوە و خۆبەخشیندا





دەبینییەوە لەپێناو خاك و نەتەوەکەیدا، هەر بۆیە لە تەمەنی حەڤدە ساڵییەوە پەیوەندی کرد بەڕێکخراوی ئەوسای «کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە» و بەشداری راستەوخۆی کردووە لە خەبات و تێکۆشاندا تا لە ساڵی ١٩٨٣ خەباتی شاری گرێدا بە خەباتی شاخەوە و بوو بە پێشمەرگە تا ساڵی ١٩٨٨ دواتر بەهۆی کارەساتی ئەنفالەوە ئاوارەی وڵاتی ئێران بووە و لەوێ لە شاری سەردەشت نیشتەجێ بووە ساڵی ١٩٨٩ لە شاری تەورێز ژیانی خێزانداری پێکەوەناوە لە ماوەی ئەو چەند ساڵەی ئاوارەبوونیدا شانبەشانی خەباتی پێشمەرگانە خولیای ئەدەب کەوتووەتە سەری لە بواری شیعر نووسیندا بۆ یەکەم جار لە شاری سەردەشت هۆنراوەیەکی نووسیوە لەژێر ناوی «خەتا ناکەم» بێ ئەوەی شارەزایی ئەوتۆی لە بواری ئەدەب و شیعردا هەبێ و بێ بوونی هیچ پاشکۆیەکی ئەدەبی تا ساڵی ١٩٩١تەنها ئەو شیعرەی هەبوو و دوای ڕاپەڕینەکەی بەهاری (١٩٩١) بەردەوام سەرگەرمی کاری پێشمەرگانە بوو و خولیای ئەدەب و شیعر

نووسین لای ئەم بەهرەمەندە بە جۆرێك كپ بووە تا ئاستی ونبوون، ساڵی ٢..٢ كۆلێژی سەربازیی لە قەڵاچوالان سەركەوتووانە تەواوكردووە و بووەتە ئەفسەر و پلەكانی سەربازی بەدوای یەكدا بڕیوە تا ساڵی ٢٠٠٣ كە پرۆسەی ئازادی عێراق ڕوویدا وەك ئەفسەری پۆلیس گەڕایەوە بۆ شاری كەركوك بەخاوخێزانەوە لە كەركوك نیشتەجێ بوون و دەستبەكاربوو، ساڵی ٢٠٠٨ بەپلەی عەقیدی پۆلیس وەك بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزای داقوق دیاریكرا، ئەوكاتە داقوق یەكێك بوو لە شارەكانی ناوچە كێشە لەسەرەكان و سنوورێكی ئاڵۆز و پڕ كێشە بوو دوای دوو ساڵ لە كاركردن جارێكی دی خولیاو ئارەزووی شیعر نووسین كەوتەوە سەری و دووبارە قەڵەمی بۆ خزمەتی ئەدەب و هونەری نەتەوەكەی لە هۆنینەوەی هۆنراوەدا خستووەتە گەڕ و توانیویەتی ئەم كۆمەڵە شیعرانە لە دووتوێی ئەم پەرتووكەدا بەچاپ بگەیەنێت و توانی شانبەشانی ڕاپەڕاندنی ئەركەكانی خۆی وەك



ئەلقە...... شوان مەجید (سەدایی)

ئەفسەرێك خزمەتێكیش بە بواری ئەدەبی گەلەكەی خۆی بكات.

ئەوەی جێی باسە ئەوەیە كە ئەم بەهرەمەندە بەبێ شارەزای و خوێندنەوەیەكی ورد و قووڵی زانستییانەی ئەدەب و بواری شیعری توانیی بەم ئاستە خولیاو خەیاڵ و ئەندێشەكانی لە هەناوی ئەم شیعرە جوانانەدا بهۆنێتەوە، بۆیە گەلەكەی نیازمەندیی زیاتری لەم بەهرەمەندە هەیە.

ماوەتەوە بڵێم هیوادارم ئەم كۆمەڵە شیعرەی شاعیر، كە نازناوەكەی ﴿سەدایی﴾ە لە بۆشاییەكی پەرتووكخانەی كوردیدا جێی خۆی بگرێ و ببێتە مشتێك لە خەرمانی ئەدەبی كوردی و بەهیوای بەرهەمی زیاتر و بەپێزتر لە ئایندەدا، بە ئومێدی دواڕۆژێكی گەشەدارتر..

شەوكەت عەبدول فەتاح ماوەتی

٢٠١٢/١٢/١٨

## ژیان

**عیزەتم بێ، سا بەبێ شك کوێرە نەفس و ئارەزوو**
**غیرەتم بێ، ئابڕودار شل نەکەم خۆم زووبەزوو**
**زۆر گرنگە هەیبەتم بێ ژینی پڕ ناو و کەماڵ**
**دۆستی چاك و دەروون پاکبم نەك کەسی بەڕووجەماڵ**
**تالبی دینم بەمەرجێ تەرکی یارم پێ نەکا**
**نەهجی ئەوبا ڕێبەرم بێ، مەنعی ژینم لێ نەکا**
**من کە خواوەندم، گرێیداوە لەیەك ڕوح و لــەشم**
**ئەو دەزانێ بەندەیەکم  بەدبەختو چارە ڕەشم**
**ژینی کورتم، گەر نە چێژم لەزەتی سەیر و سەفا**
**لێرە هەر جەور و جەفابێ لەوێش هەر جەور و جەفا**
**سوودی چی بوو هاتنی من کۆتو زنجیربم بەغەم**
**گەر گوناهی من نەبورێ، بۆچییە ڕەحمە و کەرەم ؟!**





## بادە

**وتم بادە لە نۆشی تۆ دەکەم حاصڵی مەستی سەر**
**ساتێ لە ئازاری دەرد و میحنەتی ژینم دەچمە دەر**
**هەتا هێز و بڕستت بێ خەیاڵم وەك ڕەنگت ئاڵە**
**کە دێمە هۆش ژیانی من سەد هێندەی تاڵی تۆ تاڵە**
**مەی پەرستنیم هەتا هێندە هۆگربم بەمەی و بادە**
**لەم ژینە جوانی نابینم هەمووی شێوا و بەربادە**
**بێزارم لەم ژینە تاڵە لەم گەردوونی کۆنە ساڵە**
**ئارام ناگرم بۆ ساتێك گەر دووربم لەمەی و پیاڵە**
**دەسا قوربانت بم نەکەی بێ مەیلم کەی وەرە ساقی**
**لێوان لێوکە پیاڵەی دەستت تەمەن هیچی نەما باقی**
**کە سەرخۆشم پڕ لە جۆشم وا مەبینن کە بێ هۆشم**
**هەموو ژینی دوور لە بادە بە پیاڵەیەك مەی دەفرۆشم**
**ئەوەندە شادم تا تاڵی بادە دەملاوێنێتەوە**
**گەربادە نەبێ تاڵی ژین ڕۆحم دەپووکێنێتەوە**

## بەمن چی؟

**لە فردەوسی بەهەشتابم بەمن چی؟**
**کە دڵ بێ تۆ دۆزەخێکی بەتیـنە**
**لە ئاوی کەوسەر بنـۆشـم بەمـن چی؟**
**کە لـێو بۆ ئاوی لـێوت وا بەشـینە**
**بەحۆری بیـتەنن دەورم بەمـن چی؟**
**کە تۆ شـەرابم بۆ نەکەیتە پـیاڵە**
**لە حۆریاندا غەرقم بکەن بەمن چی؟**
**بەبێ بوونت جەنەتیشم بەتاڵە**





## بەڵێن بێ

**کە ڕۆحت وەك نووری پیرۆز دای لە شەقەی باڵ و فڕی**
**تارای سپیت کردە سەر و بەرگی ڕەشت بۆمن بڕی**
**لەدوای کۆچت ئیتر نەما تروسکەی شادی لە ژینم**
**لەگەڵ هەموو هەناسەیەك خەون بە تۆوە دەبینم**
**ڕۆح لە جەستەمدا قەتیسە و بەمن نایاتە هەڵفڕین**
**هەتا وادەی فڕینی دێ چاوم ناسرەوێ لە گرین**
**لە عەشقی تۆ ئەگەر ساتێك غافڵ بووم مەکە عیتابم**
**ڕۆحم مەشقی فڕین دەکا تا زوو لە ژین تەوەللابم**
**ئازیزەکەم دڵنیابە بەڵێن ئەدەم کە هاتمە لات**
**چی یادگاری ژینمانە هەمووت بۆ دێنم بە خەڵات**
**بەڵێن ئەدەم لەوێ بتکەم بەسەرتۆپی بووکی ئەوین**
**بۆ مانگی هەنگوینیت رۆحم پێخەف بێ و هەناسەم سەرین**

## بۆ یادی هەڵەبجە

**هەڵەبجە زامی سەختی تۆ بەردەوام و کارییە**
**ئەم هەموو شین و شەپۆڕەی بۆت دەکەن سەرزارییە**
**سێ سەد و شەست و چوار ڕۆژ تۆ فەرامۆشی وەك نەبوو**
**تەنها ڕۆژی شانزەی سێیە عالەمێکت دێتە ڕوو**
**لەدیار جەستەی هەڵقرچاوی ژەهر گرتووی شارەکەت**
**بەیت و بالۆرە دەچڕن بۆ خەڵکە مەینەت بارەکەت**
**وتارەکان دەنەخشێنن بەوشەی پڕ سۆزو بەڵێن**
**هەر گوێگرێك کە دەیبیستێ هەناوی پڕدەبێ لە خوێن**
**کە رۆژی یاد کۆتایی هات نەسۆز دەمێنێ نە پەیمان**
**بۆ هێرۆشیمای وڵاتم بۆ ناسنامەکەی کوردستان**
**هەڵسەوە عومەری خاوەر لەگەڵ کۆرپەکەی ئامێزت**
**بەسەریانا بنەڕێنە هاوارکە بە هەموو هێزت**
**پێیان بڵێ بەرپرسییە نامانەوێ ساڵی جارێك**
**بێنەلامان وەکو سەیران بۆ یادێك و بۆ دیدارێك**





## پەیام

**کەپێم دەوتی ئازیزم**
**هەستمدەکرد ووشەکانم**
**لە هێلانەی پڕ ئەوینی هەستەکانم**
**وەك پۆلە پەپوولەی ڕەنگاڵ**
**لەسەر چرۆی ئەوینمەوە**
**بەرەو تۆ ئەیاندا لەباڵ**
**من پێم وتی کە زامێکی قەتماغ بەستووی کپ کراوم**
**پێشم وتی عاشقێکم لە دەریای شەرما خنکاوم**
**بەڵام کاتێك پەیامی دڵم ناردە لات**
**ئەوساتەی قاسیدی عیشقم بەرەو ڕووت هات**
**وابێ ڕەحمانە تاراندت کە بۆ هەردەم**
**لەدڵما بی وشەی ئازیزیش**
**نە خەمە سەر زار و دەم**

# بوونمان

**هەژاریمان دیارییەکە**
**خاوەن دیاری نادیارە**
**تا گەورە دەبین تێدەگەین**
**بۆ ئێمە سەخت و دژوارە**
**وەکو دڵی دایە و باوە**
**لانە و پۆشاکمان کون کونە**
**بە نەداری هاتینە ژین**
**دوا ڕۆژمان لێڵ و لیخنە**
**لە وەرزێکدا چرۆمان کرد**
**بۆئێمە خەزان بو خەزان**
**خونچەمان قەت نابێ بە گوڵ**
**لەبەر سەختی وەرزی ژیان**
**زۆرین لەناو ئەم ژینەدا**
**لێرەو لەوێی ئەم دنیایە**





**بوون و نەبوونمان وەك یەکە**
**ببین نەبین بێ بەهایە**
**نەپێ دەگەین نەتێ دەگەین**
**بۆچی هاتین و چی دەکەین**

# بێهۆشی

من بۆیە بادە ئەنۆشم تاڵی ئەوە بۆ هەتوانم
بەبێ بادە بێ ئارامە دەروون و هەست و ویژدانم
عەدالەت بەس ناوە ئەمڕۆ شەرمەزارە وشەی یەکسان
یاسا بەس بۆ هەژارانە تا بیانکەن کۆت و زیندان
ناموس وحەیا بە پولێك هەرزانییە کێیە کڕیار
قاتییە کڕیاری حەیا زۆرینە بووەتە فرۆشیار
متمانە و ڕاستی نەماوە باوەڕ و بڕواش بە یەکجار
شورەی و ڕەوشت و ئەدەب لێیان پێچاوە کۆچ و بار
سەنگی مەحەك بووەتە پارە و سەروەت ومولْك وتەلار
دوڕ و گەوهەریش بێ بیری بێ سەنگە پیاوی هەژار
پڕ لە جەور و ستەمە ژین کێ هەڵدەکا لەم فەزایە
سەری نامەست بۆ کەسێکە هۆشی وەك هی کەر وگایە
ئاسوودە نابم لەم ژینە ئەگەر ساتێ هۆشم مابێ
وەرە ساقی بێنە بادە مەستی چۆنە با هەر وابێ





# پیری ئاشق

لە مایەی پیریمە کە دڵ وەك نەونەمامێك ئەلەرزێ
خۆی ناگرێ بۆ زریانی لەنجە و لاری بە ژن بەرزێ
هەور ئاسا کە بروسکەی نیگاری جوانێك دێتەڕوم
لەخەیاڵیا فەنا ئەبم وەك بڵێی پێشتر هەر نەبووم
لە پیریما هەموو جەستەم دەلەرزێ نەی ماوە تاقەت
بۆ دەوای پیری داماوم نەشیفای هەیە نە ئافەت
کەچی هێشتا دڵەی لاسارگروم لێ دەگرێ وەك مناڵ
ئەیەوێ پەنجەم بیگوشێ وەکو لاویم دووسێوی کاڵ
کە ئەبینم لاشەم هەمووی ئالودەی چرچ و لۆچییە
ئیتر تێناگەم دڵی شێت عەشق و ئەوینی بۆچییە
بەڵام دیارە دڵ ڕاست دەکا لەش کەنەفت ئەبێ و تەمەن پیر
تاخۆی نەبێ بەخاك و خۆڵ عەشق و ئەوین ناکا لەبیر

## پێشمەرگە

**هەرچی پیت و وشە هەیە بیدە لەیەك بەسێ بڕگە**
**ناوێك نادا بەدەستەوە پیرۆز تربێ لە پێشمەرگە**
**تۆ ئەو کەسەی بـۆ ئازادی ولاتەکەت مەرگ ئەدوێنی**
**بۆ نەتەوە بێ ژینەکەت بە مەرگی خۆت ژین دەهێنی**
**هەگبەی کۆڵت پڕ لە بانگی ئازادییە و خۆشەویستی**
**بۆ سەربەستی نەتەوەکەت لە مەرگ زۆربێ دەربەستی**
**کەسێك نییە لـەم ژینەدا وشەی مەرگ نەی ترسێنێ**
**هەر پێشمەرگەیە کە مەرگیش لێ ئەترسێ و ئەی بەزێنێ**
**پێشمەرگە هەرتۆی سپەری نیشتمانی بەشکراوم**
**فیداکاری تۆ پاراستی نەتەوەی لەژین بڕاوم**
**دروشمی تۆ نەبەزین و نەعرەتە و هەڵمەت بردنە**
**بۆ بەرەنگاری هەر کەسێك کە بە ولاتت دوژمنە**
**تاتۆمان هەبێ ئاسۆی کورد دوریش بێ گەش ڕووناکە**
**بێشەی شێرانە ولاتم تۆی لـێ نابڕێ ئەم خاکە**





## بێدەنگی

**لە بێدەنگی تۆ تێناگەم بێ نوتقی هەر وەکو پەیکەر**
**لە سڕی بێدەنگیت سڕم لەم سەودایە دەرناکا سەر**
**لەمن بوویتە شەوی دەیجور، تاریك و بێ هەست و خوستی**
**هەمیشە گرژ و ئاڵۆزا و گۆشەگیر و دەروون پەستی**
**خۆ تۆ فەرمووت ماڵی دڵـم تەنها بۆتۆ کراوەیە**
**گەرمن نەبم دڵت بەردە و دنیا لەلات کەلاوەیە**
**خۆزگە دەمزانی لەبەرچی تۆ بەم جۆرە ڕەفتار دەکەی**
**بۆ لەناو هێلانەی دڵت عەشق و ئەوینم تاردەکەی**
**بڵێی ڕۆژێك لە ژووانا کە هۆش هەمووی لای تۆ بووە**
**زارم بێ ئاگا دوابێ وا دڵت گەردی گرتووە**
**ئازیزەکەم هەرچی هەست و نەستم هەیە دەیخەمە کار**
**تا دڵنیابم سروشتی تۆ وایە یان من بەد گوفتار**
**گەر سووچ و تاوان لە تۆ بوو دڵنیابە ئەبوورم لێت**
**بەخشین چییە کە ئامادەم هەموو ژینم دانێم لە ڕێت**

## تریفەی ڕوخسار

**تریفەی مانگی ڕوخسارت لە شەودا**
**پەچەی تاریکی دا بەڕووی قەمەردا**
**لە شوعلەی جوانیتا هەڵنایا چاوم**
**کە پرشنگی داوە بەڕووی نەزەردا**
**مەگەر هەوری ڕەشی پەرچەمی خاوت**
**نەرمترکا گزنگی نوری چاوت**
**دەنا ئەستەم نیگام هەڵبێ بەڕووتا**
**مەگەر وەك خۆر لە دوور ڕابێنم ناوت**
**لەڕووی تۆدا کز و بێ هێزە دیدەم**
**لە نازی تۆ پەشێو و ڕەنگ پەڕیدەم**
**ئەگەر شەیدا و گەڕیدە کەوتمە کێوان**
**یا لە هەردەدا بەپێ کەوتمە پێوان**
**لە شێتێك ناکرێ لۆمە بەهیچ کەس**
**لەجێی خوین لەدڵیا عەشق بێتە دەوران**





## تەمەن

**تەمەن کورتە ئازیزەکەم، بەشی ساتێ دیدار ناکا**
**چاوەڕێی چیتە گوڵی من کات لە ئێمە شەرم ناکا**
**سەراپای ژیان شیرینە، ئەگەر خۆمان تاڵی نەکەین**
**لێوانلێوە لە وشەی جوان ، بێتو زمانمان لاڵ نەکەین**
**وەرە هەواری ژیانمان بە چرۆی خەندە ئاواکەین**
**ڕق و تووڕەیی و بێزاری بە شادی و بزە ڕیسواکەین**
**با بە سروە و نەسیمی دڵ شنەی دەروونی پڕ ئەوین**
**سامالڵ کەین ئاسمانی عەشقی دەوردراو بە هەوری قین**
**سروشتی عەشق نەگۆڕە بێ غەم بۆ کەس ناچێتە سەر**
**ئەو غەمەش هێندە پیرۆزە ئەوینی پاك دێنێتە بەر**
**بۆیە غەمی ئەوینداران کێڵگەی ئەوین و جوانییە**
**بەرهەمی وەرزی عاشقان سۆزداری و میهرەبانییە**
**دە وەرە تا بادەی مەرگ بێ ئاگای نەکردووین لە ژین**
**بە سۆز و خەندە و بزەوە بۆیەك بژین هەتا ئەژین**
**تا لە هەواری جێماوی ئەوینی ئێمەی گڕگرتوو**
**وانەی سۆز و خەندە فێربن ئەویندارانی داهاتوو**

## چاوەڕوانی

**هەتا نەتکێتە سەر لێوم لە ئاوی کەوسەری لێوان**
**بەبێ شك جارییە ئەشکم سپێدە تا دەمی شێوان**
**لە زوڵمەت تا دەمی سەحەر لە گۆشەی خەیاڵا بەندم**
**بۆ وەصڵی لەبی شیرینت دەستیشم بۆ باخی سێوان**
**ڕەشە وەك پرچی سیاهت تالع و بەختی جەبینم**
**ئاڵۆزە وەك زولفی لوولت ڕێگە و چارەنوسی ژینم**
**بەباڵای تۆ بەرزە باڵای ئومێد و ئارەزووی ناخم**
**دڵنیام بە هیچی ناگەم بۆیە دەروون پڕ لە ئاخم**
**ئەگەرخواوەند کەرەم کا تۆ عەتاکا پێم ئا لەم ژینە**
**ئەبێژم حەمد و شوکر بۆی بە قەد خۆڵی ئەم زەمینە**
**چاو لەتۆش ناتروکێنم کەرەمی جەللە جەلالی**
**کە تۆم هەبێ موڵکی منە هەموو ئەم کەونە بەرینە**
**هەتا ئەو ڕۆژە بۆ ڕۆحم فریشتەی قابیز دێتە لام**
**بەفیدای تۆیە ڕۆحی من لەگەڵتا ئەوەی تۆی پێدام**
**کە جەلبی ڕۆحم کرا من لەو دنیاش هەر چاو لەڕێتە**
**وتم بە لاشەی جێماوم تادێی خاکی بەری پێتە**





## چەن دوور بی لێم

**بڕۆ ئازیز دڵم نایە ڕێگە بگرم لە هەنگاوت**
**چەن دوور بڕۆی دڵنیابە لێت نزیکترم لە ناوت**
**ئەی نابینی ڕۆحم لەگەڵ هەنگاوتدا ڕێگە دەبڕێ**
**لە پاسەوانی باڵاتا بۆ عەشقی تۆ ئاواز دەچڕێ**

**بڕۆ هەتا شەکەت دەبی ترست نەبێ لەبەری پێت**
**ڕۆحم فەرشی ئاوریشمینە بۆ دواهەمین هەنگاوی ڕێت**
**بڕۆ هەتا ئارام دەبی و دڵت دوا خەم دەوەرێنێ**
**لە هەر کوێبی سۆزم وەکو شنەی شەماڵ دەت لاوێنێ**

**بڕۆ گوڵم وا نەزانی تاکو تەنیای لەو سەفەرە**
**رۆحم باڵا گەردانتە و لاشەم لەژین بێ خەبەرە**
**وا تێنەگەی کە دووریی لێم ئیتر کۆتایی ئەوینە**
**خۆشەویستیت وەك هەناسەم تا دواهەمین ساتی ژینە**

## جوانی یارم

**مانگی چواردە وتی پێم بۆچی نەهات یارەکەت**
**گەر ئەو نایەتە ژووانت ڕۆشنکەم هەوارەکەت**
**وتم تۆ هەر شەوان دیاری ون دەبی کە خۆر هەڵات**
**خۆر کە زانی یارم شەو دێ خۆی لەترسا بۆی هەڵات**
**گەر هەمووتان یەکگرن خۆر ومانگ زوهرە و زوحەل**
**کام شەوەی ئەنگوستەچاوە بێنە دەم لێواری کەل**
**هەر کە یارم دەرکەوت ئێوە دیارتان غەیب ئەبێ**
**خۆنواندنتان لەڕووی یارا لەلا پێ عەیب دەبێ**
**سەرم سوورماوە لە دیدەم کە مەحدودە ڕوئیەتی**
**چلۆن خۆی دەگرێ لە سەیری شەوقی جلوەی سورەتی**





## لەیادم ناچی

**بۆ هەر ساتێکی تەمەنم لەگەڵما بووی وەك هەناسە**
**چرکەیەك تەنیات نەکردم لە ژینی پڕغەم و تاسە**
**بۆ ڕۆژگارم وەك فریشتە ئیلهامی شادیت پێ ئەدام**
**بە شەوگاریش خۆری من بووی تیشکی ئەوینت لێ ئەدام**
**لەگەڵ هەموو ئازارێکی دەروونی پڕ لە گڕ و سۆم**
**بە شنەی فێنکی نازت ئەتپۆشی هەموو تان و پۆم**
**کە ئەتدی ڕوخسارم زەردە و نائومێدیم لێ دەبارێ**
**کێڵگەی نائومێدی منت سەوزەڵان دەکرد بە جارێ**
**نەمدی ڕۆژێ لە گرژی من لە بێزاریم ببی بێزار**
**هەمیشە گەشاوە و گەش بووی پایزت دەکردە بەهار**
**هەردەم تۆ بەمنت ئەوت ژیان هەر تەنها جارێکە**
**مرۆڤ دەبێ وەك گوڵ بژی کە تەمەنی بەهارێکە**
**بۆیە ئازیز لەیاد ناچی تا یادم مابێ لەم ژینە**
**خۆشەویستیت بە برژانگ و هەناسە و ڕۆحم پەرژینە**

## حۆری وڵاتم

فردەوسی جەنەتە خاکم لالەزار و گوڵشەنە
سەر چاوەی گوڵی ڕەنگینە ئەم هەوار ومەسکەنە
کیژی ڕوو سووری وڵاتم گەوهەری مینایییە
هەر نیگایەکیان شیفای سەد دەردی دڵ بینایییە
ئەو هەموو وەسفەی درایە حۆری غەیب و نادیار
من لە ئێستادا هەمە چەند هێندە جوانتر و لەبار
بێ غەم و بێباکم لەوەی جەنەتیم یا ئاگری
فردەوسی من پڕ لە حورە نایەوێ غەم داگری





## خەتاناکەم

کیژە ئەی تازە دڵگرتووی لێو بە خەندە جوانەکەم
ئەی کچە تەڕپۆشە جوانەی دڵ بەتۆ حەیرانەکەم
وا لەعەشقی ڕووی جوانت پێم دەڵێن دێوانەیە
بابڵێن بەس تۆ بەڵێندە وەرە دەم جێ ژووانەکەم
من لە شەو تا دەم سەحەر هەر زکر و فکری تۆ دەکەم
بێ خەیاڵم من لەباری ڕوو لە قیبلەی تۆ دەکەم
سا کەمێك ڕەحمت لە دڵ بێ نازەنینی دڵڕەقە
چی دەبێ تۆ ئاوڕشێنێك کەی دڵە بریانەکەم
ئەم دڵەی وا ئێستە گۆشتە و کونجی سینەی گرتووە
لای منە ڕاستە بەڵام وا هەر لەبەر پێت کەوتووە
چاوەڕێی لوتفێکی تۆیە لەو دوو لێوەت داکەوێ
دەی بفەرموو بۆچی زاری ڕازی بوونت خەوتووە
بێ خەتایە ئەم دڵەی من گەر خەتاباری دەکەی
جوانی خۆتە نەك دڵی من زۆر دڵان شەیدا دەکەی
سا بفەموو تۆ کەرەمکە خەندەیەکی پڕ بەلێو
چی دەبێ گەر دڵی تینوم لە نازت پاراوبکەی

## خەڵوەتی عیشق

**بە چاوی کاڵ مەستی کردم نیگاهت**

**دەست و دڵ بەندم بە زوڵفی سیاهت**

**بە جەلادی موژەت بڵێ ڕەحم کا**

**نەبڕێ دڵم تا زیاد نەکا گوناهت**

**من کە دەروێشم لەتەکییەی عەشقی تۆ**

**خەڵوەت کێشی تەریقەتی نازی تۆ**

**سا بەهێزی پڕ لە جەزابت بڵێ**

**ئاسوودەم کا لە عەشقت نەك ڕەنجەڕۆ**

**دەروێشێ شك ئەبەی وەك من پڕ لەحاڵ**

**بۆت لە زکرابێ شەوو ڕۆژ مانگ و ساڵ**

**وەکو سۆفی بە عەشقی تۆ سۆز دەکەم**

**دێوانە ئاسا دەپێوم هەرد و یاڵ**

**بۆ وە سڵی تۆ دەکێشم دەرد و جەفا**





**لێم حەرامە ژینی پڕ سەیر و سەفا**

**هەمیشە مەحزون و پڕ ئەشکە چاوم**

**لەبێ مەیلیت دەسا مەیلێ بێ وەفا**

**گەر گوناهبارم ئەوا هاتمە سایەت**

**تا لەتۆ وەرگرم نوری هیدایەت**

**شەرتە تا من لە ژینابم بەردەوام**

**خەڵوەکێشی عەشقی تۆم تا نیهایەت**

## خۆری دڵم

**لە سپێدەی هەر بەیانێك خەمی خۆرئاوا بوونمە**
**لەتاریکی زۆر سڵ دەکەم ترسی لەتۆ وون بوونمە**
**چونکە تۆ وەك خۆری ئاسمان وزە و ڕووناکی بۆ ژینم**
**گزنکی جوانی نیگارت گڕ و تینە بۆ ئەوینم**
**وەك چۆن خۆر نەبێ شەوانە ونن مانگ و ئەستێرەکان**
**بێ تیشکی جوانی ڕووخسارت شەوە زەنگە بۆمن ژیان**
**دڵ لەبێ تۆیی شەوانە بێدارە تا دەمی سەحەر**
**دیدەم بێزارە لە سەیری هەرچی هەیە لە دەوروبەر**
**وەکو منداڵ گڕوو دەگرن چاو لە ڕێگەی بینینتە**
**دڵیش بە حەسرەت ناردنی سۆزێکی پڕ ئەوینتە**
**دە شەوگاری شووم فەنابە درەنگە بۆ سەرلەبەیان**
**باخۆری دڵم دەرکەوێ تا ببینم جووتێ بەیان**



ئەڵقە..................................................شوان مەجید (سەدایی)

## خۆری من

**هەرچەنێ خۆر ڕۆشنتر بێ**
**دنیای من ڕوون ناکاتەوە**
**گڕ و تینی چەن بەهێزبێ**
**شەختەی دڵم ناکاتەوە**
**کە ڕووم لەتۆ وەرگێڕاوە**
**ڕووە و خۆرێك هەنگاو ئەنێم**
**تەنها بەگڕ و تینی ئەو**
**ڕۆشن دەبێ هەوار و ڕێم**

## شکم نایا

شك نابەم سۆزی ئەوینێك
بە کامـی دڵ بـتـلاوێـنێ
زمـانی ڕاسـتـگـۆ نەماوە
بـە وشـەیـەك بتهەژێـنـێ
نـیـگای چاوێ بـەدی نـاکـەم
مـەسـتـت بکا لـە نـیـگـایـا
لـێـکـدابڕان بووەتە نـەریـت
لە خـۆشـەویـستی ئـێـستـایـا





## خۆشەویستم

ئەگەر ویستت خۆشەویستیت پێوانەکەی لە هەستمدا
پەنا بـەرە بۆ ژمـارەی هـەرچی هـەیـە لـە کـەوندا
یان کە ویستت لەناو دڵما ببینی گڕی عەشقی خۆت
بە ئارامی سەیری خۆرکە هەر بەوجۆرە ئەسووتێم بۆت
کە ویـستت بۆ باسی جوانیت زەریای هەستم بهەژێنی
هەتا کۆتایی بێ کـۆتا تۆ نوری جوانی ئەنوێنی
یان کە ویستت لە پێوەرما سەنگ و بەهای خۆت بزانی
تۆ بۆمـن بووی بەهـەنـاسـە بووی بە ژیـن و کـامـەرانی
ئەگەر ویستت بیخەیـتەڕوو بیـر و ئەندێشە وخەیاڵم
بۆ ئەویـنـت باڵەفڕبوون لە گیانی بێ هـۆش و حاڵـم
ئازیزەکەم خۆشـەویـسـتـیت جیـهانێکە بێ کۆتایی
بەدوایا دێم یا پێتدەگەم یا بەرەو لووتکەی شەیدایی

## دابڕان

**بستێك نەما لە ساباتی ئەوینتدا**
**بە ڕایەڵەی خۆشەویستیت نەم تەنیبێ**
**تۆنێك نەما لە ئاوازی پڕ سۆزتدا**
**بە ناسکی نەم ژەنی بێ**
**کەچی لەپڕ دابڕانت**
**ڕۆژگاری کردم بە شەو**
**ئەو تەمەنەی بۆتۆ  ژیام**
**بوو بە رابردوو بوو بە خەو**
**ئازیزەکەم ئێستە وابووم بە پەروانە**
**بە گوڵزاری سەر زەویدا دەبزێوم باڵ**
**بێباك لە مەودای تەمەنم**
**ڕۆژگارە یا مانگ و ساڵ**
**هەر دێم و دێم تا بە هەڵاڵەی تۆ نەگەم نانیشمەوە**
**یان لە گڕی دابڕا ن و بێ تۆییدا**
**ئەسووتێم و ئەتوێمەوە**





## خەزان

**میراتگری تەمەن مەرگە توخوا یاران دەبا بیبا**
**کە مەرگ و ژین وەکو یەك بێ چ ئەو بیبا چ با بیبا**
**بەمن لانادرێ قەدەر دەبێ فەرمانی ئیجراکەم**
**ئەگەرنا محکومە ڕۆحم لەدوای تسلیم بەوەی دەیبا**

**هەموو ژینم بەهارێکە دواتر وەرزی زەردەڵانە**
**کە پایز هات ڕەگی ژینم چەند بەهێزیش بێ خەزانە**
**گەڵای تەمەن چەن زەوزبێ خۆی ناگرێ لەسەرچڵان**
**کە ئەجەل هات زەرد و سەوز با بردەڵەی دەم زریانە**

**وەك یەکە پایز و بەهار کە مەرگێکم وا لەپێشە**
**تەمەننامە پەپوولەی دڵ لە وەرزێکدا بکا کێشە**
**لە هەڵاڵەی گوڵزاری ژین کە بەهارێکە نامەوێ**
**ببینم وەرزی زەردەڵان خەزان ئازاری بە ئێشە**

## شکاری دڵ

**بەڕۆحت ڕۆحی ئالودەم شکاری نیگاری تۆیە**
**نیگاکانت بۆ شەهێنی دڵم وەك باز و هەڵۆیە**
**لەمن وا بوو وەکو مامز دەکەویتە داوی ڕاوم**
**کەچی من بوومە نێچیری تیری ئەو چاو و برۆیە**

**لە حەسرەتت بەشەیدایی دەستم بەردا لەژینی خۆم**
**بە ئاواتی ویصاڵت وا تەمەن دەڕوات و هەر دەڕۆم**
**بەمن چی ئەم ژینە تارە کە تریفەی ڕوخساری تۆ**
**ڕۆشن نەکا هەواری دڵ خدریش بم هەر ڕەنجە ڕۆم**

**وەکو پەپوولەی باڵ شکاو لە دەوری نوری شەمعی تۆم**
**بۆ تەمەنی ڕووناکی تۆ دەبمە میوانی بالآی مۆم**
**بە سووتانی وا ئاسودەم لە ژوانێکدا بتوێمەوە**
**کە دەبینم جەستەم بووەتە بەشێك لە بالآی یاری خۆم**





## دڵدار

**لە سەوزایی کەناری دەم ڕووباری**
**ئەو دەمەی لە هەور ئەسرین دەباری**
**لەگەڵ یاردا لە ئامێز بی دەبا هەر**
**تەمەن کورت بێ بمری لەدەم جۆباری**
**ژینی زۆر و عومری درێژت ناوێ**
**ئەوەندەی هەی لەگەڵ یارابە تاوێ**
**بەهەشتی ژین ئەو ساتەیە بۆ دڵدار**
**لە ئامێزا دڵیان مووچڕکە باوێ**
**کە مردی یەك جارە مەرگ و ژیانت**
**دەست لەملکە لەگەڵ یاری نیانت**
**بە ئاواتی خەیاڵاتی پڕ و پووچ**
**بەبا نەدەی عومری بەها گرانت**

## دووڕوویی

هەتا دەتوانی دووربە لە دووڕوو
چونکە نییەتی ڕەوشت و ئابڕوو
دوو ڕوو کەسێکە ژەهری لەپشتە
زمانی خەنجەر دائیم لەمشتە
گیانداری ژەهری دووپشك و مارە
تەنها بۆ دوژمن ژەهری بەکارە
بەس کەسی دووڕوو بۆ دۆست و دوژمن
ژەهری ئەڕێژێ بەبێ سڵکردن
هەمیشە دووڕوو وەك دۆستی گیانی
لەگەڵتا ئەدوێ زۆر بەنیانی
لەڕووتا قسەی وەك شەکر وایە
کە ڕووی وەرگێڕا کوڵێ بەلایە





مرۆڤی دووڕوو ڕسوایە هەردەم
ڕوو زەردی بەردەم کۆمەڵگە سەرجەم
ژەهری زمانی دووڕوو هەمیشە
لێکدابڕانی کردووە بەپیشە
ئارام ناگرێ لە ژەهر ڕشتن
تا خۆی نەیچێژێ ژەهراوی مردن

## ژان

کەژانی ئەوین دەمخاتە گریان
سەرچاوەی ئەشکم ئەبووژێتەوە
ڕێژنەی فرمێسك، کە دائەکا لێم
ئازاری جەستەم ئەپووکێتەوە
کە ئالودە بووی ئازار ئازارە
تەنها ئازاری ئەوین جودایە
وەرن سەیرکەن لەم سڕەی عەشق
ژانی بۆ ئازار چارە و شیفایە





## ڕازی دڵ

دڵ هەمیشە بەگلەییە لە چاوم
کە نەیکێشاوە وێنەکەت دییەی خاوم
ئەو نازانێ کاتێ کە دێیتە بەرچاوم
گزنگی جوانیت سڕ دەکا گشت هەناوم
دڵ نازانێ کە ڕوخساری تۆ جەلادە
لەژووانا مەستم ئەکا بەبێ بادە
دەسا وەرە ئەی شا شۆخەکەی دڵڕفێن
تا لەنێوان چاو و دڵم نەڕژاوە خوێن
تێر نیگاتکەم وێنەت بکێشێ چاوانم
ئارام بگرێ دڵی گەرمی بێ تاوانم
وەرە تا ڕوخسارت مەستکا دڵ و دیدەم
لە یەکتردا بتوێنمەوە ئێستا و هەردەم

## ڕەش و سپیی

**تاڵ بەتاڵی مووی سەرم وا ڕەنگی گۆڕا چوو لە ڕەش**
**هێشتا هەر تێر نەبووە چاوم خۆ لە سەیری چاوی ڕەش**
**ڕەنگی ڕەش هەرچەن نیشانەی شین و ماتەم بارییە**
**هەرکە موو پۆشی سپی ڕەنگ بۆ دڵ هەر غەمبارییە**
**تێکەڵاوی ئەو دوو ڕەنگە بەس لەچاوا نیعمـەتە**
**وای لە مـوو گەر تێکەڵاو بوو بەو دوو ڕەنگە زیللەتە**
**تاڵـەتاڵـەش تابـمێـنـێ ڕەنگی ڕەش دڵ پێـی گەشە**
**گـەر سپی پـۆش بوو پڕاوپڕ دەفری ژینت بێ بەشە**
**من کە باڵا پـۆش ئەبم بەڕەنگی ڕەش بۆ شین و شۆڕ**
**لە شیـنـیـشا دڵـم شـــادە کە دوورم لە بەرگی گۆڕ**
**هەر کە پۆشیم ڕەنگی سپی بەرگی دواســاتی تەمەن**
**چەند سپی بێ بەرگی مەرگم ڕەش و تـارە مـاڵی گــۆڕ**
**ڕەمز و هـێمای ئاشتـەوایی و شادییە ڕەنـگی سپی**
**بەس لە موودا ڕەنگی شـەڕە شـەڕی مەرگـە بـەکـپی**
**بۆیە دڵشادم کە ڕەش پۆشبم بەمووی ڕەش بەردەوام**
**تاسپی پۆشی لەشی خـۆم پێم نەڵێ عـومرت تـەمام**





## تاریکەڕێ

**ئـەگـەر چی ڕێـگەم بـەرەو تـۆ**
**ڕێ یە کـی زەحـــمـەت و لـێـڵـە**
**هەزار ئـەوەنـدەش سـەخـت بـێ**
**هەر دیم دڵم لـە دوات وێــڵـە**
**چاوەڕێ بە تا پـێت دەگەم**
**کـە هاتم نا گەڕێـمەوە**
**وە کو مۆمێکی گڕگرتوو**
**بـە عـەشـقـتـدا**
**ئەتوێمەوە**

## ژیان بووەستە من دائەبەزم

**لە پانتایی نەبوون منیان هێنایە بوون**
**وەك دیارە هەم ڕاستییەکە بێ چەند و چوون**
**ئەژیم بەبێ ئەوەی بژیم ئەرێ ئاخۆ**
**ژیان بۆ هەر کەس وەك یەکە کە دێتە بوون**
**سروشتی ژیان گەر تاڵی و دەرد و ئێشە**
**یان هەموو کەس ئەم چارەنووسەی لەپێشە**
**ئەوا بێشك ڕێز لە چارەنووسم دەگرم**
**لەم ژیانەم گوزەردەکەم بەبێ کێشە**
**بەڵام ژیان بۆمن کە تەنها یەك جارە**
**لە دوای منیش ژین بەردەوامە دووبارە**
**دەبێ بـۆ وا ڕەجاڵ و برسیبم ئاخۆ**
**ژیان لای یەزدانە یان لای خاوەن کارە**



ئەڵقە.......................................... شوان مەجید (سەدایی)

## ژینی ئەمڕۆ

**شێواوە دەور و زەمانە ڕۆژگارێك هاتە پێش**
**چاو و دەست بۆ هەرلا دەبەی نە وەزنی ماوە نە کێش**
**ئاسوودە نابی بە هەرچی دێتە بەر هەستەکانت**
**سەراپای تەمەنی ژیان پڕ لە دەردە و پڕ لە ئێش**
**صەنعەت و عیلم و عەولەمە تەکنەلۆجیای ئەم دەمە**
**ژینی سادەی لێ گۆڕیوین ئا بەم ژینە پڕ غەمە**
**گەر بە باڵیش بفڕی هێشتا ناگەیتە نیوەی ژیان**
**تێنەگەیشتم سەنگی مرۆڤـ کەمە یا عومری کەمە**

## سەمای دڵ

دڵم سەمای لاوی دەکا بە لەش کەنەفت و لاوازم
ئەگەر پیری قبوڵم کا لە گەنجی ڕوو لە هەورازم
تەمەن ڕابوورد هەموو لاویم لە حەسرەتا ڕاگوزەرا
خۆشیم نەدی لەناکاودا بەرگی پیریم چوو بە بەرا
بەقەت لاوی شیرینە لام دوا ساتەکانی ژیانم
خۆزگە مەیلی دەبوو ساغی تا مردن بێتە میوانم
بەڵام یاران ئەوەی ئەیڵێم تەنیا وتەی دڵ و زارە
لە هەڵوەرینی گوڵەوە دڕکیش لەپیری بێزارە
هەموو چرکەیەکی تەمەن چوونە بەرەو فەنابوونم
هەموو هەنگاوێك کە ئەینێم لەبوون ئەمبا بۆ نەبوونم
کەچی لە هەنگاو ناکەوم بەرەو ماڵی دوا هەوارم
دەبێ پیری و مەرگ یەکخەم بۆ ناو هەگبەی کۆچ و بارم





## سلێمانی

سلێمانی شارەکەی میری بابانم
کیژە جوان و ڕوو سورەکەی کوردستانم
لەو ساتەوەی خوڵقاویت و هاتوویتە بوون
تۆ پێشەنگی.. پێشەنگ دەبی تا ڕۆژی بوون
جێگەی شانازیت بۆ خاکی نیشتمانم
دڵیان بە تۆ شادە کورد و کوردوستانم
ڕەوتی مێژووت هێندە بێگەرد و پیرۆزە
ڕۆژگارت هەر سەرکەوتنە و نەورۆزە
لە زانستا پێشەنگی شاری شارانی
لە جوانیشدا وێنەت نییە سلێمانی
تاتۆ هەبی کە هەر دەبی، کورد بێ خەمە
تۆی قەڵغانی بەرەنگاری چی ستەمە

## شەیدایی

تیری جوانیت خستە کەوان پێکات نێچیرت لە دوو سەر
یەکیان کار ئاسکی دڵم ئەویتر ناوبەندی جگەر
ئەبەد سۆزی نەبوو تیرت دەبوو یەکسەر نەجاتمدا
چونکە بە دیدەم ناکرێ شەڕی جوانی تۆ هەتا سەر
ئێستا کە ئەسیری تۆ بووم مەمکە بە کەبابی نازت
دڵڕەق مەبە لەگەڵ دیلت دەریخە ڕاز و نیازت
لە بێتاوانێکی وەك من چییە داوات دەبێ چیبکەم
لە جۆگەلەی فرمێسکمدا بوومە بەردەبازی نازت
وەرن یاران ئێوە نەشری ئەم حەشرەی من و یارم کەن
تیری ئەومنی پێکاوە گەر گوناهبارم تارم کەن
ئەگەر مەیلت لەکوشتنمە دوا تیری خۆت بهاوێژە
تا لەتابوتا بەرەو ماڵی دوا هەوارم بارم کەن
کۆڕی یاران کەمن شادم بە مەرگم شادی بدەم بەو
لە جارێك زیاتریش ناژیم تا جارێك بمرم لەجێی ئەو
گەربۆم لوا دوو جار مەرگ سوورم لەسەر پەیمانی خۆم
لەجێی جارێك هەزاران جار ئامادەم بمرم لەجێی ئەو





## شوان

کاکی شوانی ڕان لە پێشت ڕاخزیو
گەڕیدەکەی شاخ و دەشت و دۆڵ و شیو
هێندە سادە و بە سۆز و میهرەبانی
تۆ نەبی ڕان و گاڕان بێ تۆ هەتیو
نانی پشت و فەرەنجی و کوڵەباڵت
خۆت و ڕان و گۆچانەکە و شمشاڵت
بوونە وێنە و ئاوازێکی خرۆشێن
بەدامێنی چیاوە تا قەد پاڵت
لەزە نوێر و ڕەوەز و بەردەلانا
لە سەرکانی ونی ناو بێشەلانا
کە ژەمی نیوەڕۆت دەم دەکەی چایەك
حەسرەتێکە ژەمی وا لە دلانا
جا کە تێر بوو ڕان لە گژوگیای بەهار
ڕانەکەت مۆڵدە لەژێر داری نزار
لێی دەرهێنە شمشاڵەکەی لا قەدت
بە ئاوازێك مەستیکە لووتکە و بنار

## گڕی عەشق

**لە سایەی تەلاری جوانیت وەستاوم وەکو گەدایە**
**لە غەیری تۆ کوێرە دیدەم کەسی تر بەمەیلما نایە**
**ئەگەر ویستت لە سۆز و مەیلت کەرەمکەی بە داماوێك**
**وەکو من موحتاجی نازت لەم گەردوونە شکم نایە**

**مەگەر من و گڕی عەشقت بزانین چەند ستەمکاری**
**بەتینی ئاگرت ناگا جەهەنەم بێنیتە دیاری**
**ئەگەر حاسل نەکەم سروەی شنە و نازی ئەوینی تۆ**
**وەها سووتاوم بە ئاوی کەوسەریش نایە تیماری**

**بەئاهت فەوت ئەکەم بۆتۆش جێ دەمێنێ خۆڵ و خاکم**
**ئەی بەمە بەر دیوانی حەق نزا و خۆشەویستیی پاکم**
**لە ڕۆژی مەحشەریش بێیت و کەرەم بکەی پەشیمانی**
**ڕۆحم فێرە سووتانتە لە حۆری بەهەشت بێ باکم**





## گەریلا

**من و مەرگ دوو دڵدارین**
**بەدوای یەکا وێڵین هەردەم**
**جێی ژووان مەیدانی جەنگە**
**کە لەوێم هەرسات و هەردەم**
**گەر دانەیەکم هۆنییەوە**
**لەخوێن و تەمەن و ژینم**
**ئەی کەمە گەردنی ئەگەر**
**بوێرێ بێتە ژووانم**
**تاببینی کە چەند خۆشەویستە لەلام**
**بابزانێ مەرگ بووەتە خولیا و هیوام**
**هەرچی بە مەرگی دەبەخشم**
**لەپێناوی گەل و خاکا**
**دڵنیابێ زۆر کەمە لام**
**مەرگ تاکە دڵدارمە**
**من پێشمەرگەم من گەریلام**

# کۆچ

سەیری قەڵغانی دڵم کەن شەق و لەت و پەرێشانە
ئەڵێی پێدەشتی سووتاوە و سەدەیەکە بێ بارانە
لەدوای کۆچت ئازیزەکەم دڵم بووەتە گڕستانێك
کڵپەی بەردایە هەناوم لە سینەمدا تەمتومانە

کۆچ و باری کۆچەری زۆر لەبەر دیدەم ڕاگوزەرا
بە دوعای خێر بەڕێم کردن لەمایەی حوسنی نەزەرا
بەڵام کۆچی تۆ ئازیزم لەگەڵ خۆیدا ڕۆحی بردم
وا هەمیشە لە دووت دەخشێ وەکو سایە لە سەفەرا

کە چۆڵت کرد ئەم هەوارە شکاندت ئەستونگی ژینم
دەست بەتاڵ کەوتم لەژینا هەم لە دنیا و هەم لەدینم
چاوەڕێم مانگی ڕوخسارت بۆم هەوارە باداتەوە
تا لە شەوقی درەخشانت وەدرەوشێ لانەی ئەوینم





# لەناخمدای

بەربەیانی هەموو ڕۆژێ کە چاو هەڵدێنم بۆ ژینم
لە دیدەمدا تۆ لەدنیاو دنیام لە تۆدا دەبینم
لەدوای وەنەوز کە پێڵوی چاو لەیەك دەنێم بۆ سەر خەوێ
ڕۆحم بۆلای تۆ کۆچ دەکا بۆخەونی خەوی هەر شەوێ
کە دەست دەبەم بۆ پیاڵە تا بنۆشم شەرابی تاڵم
دەبی بە هەوێنی نەشئە و خەیاڵی ناسك و ئاڵم
ئازیزەکەم وەك چۆن خۆر لە ئاسمانی خۆی نابێتەوە
چۆن وردە شەپۆل لە سنگی دەریا و زەریا ناچێتەوە
چۆن باڵدارەکان ئێواران بۆ هێلانە ئەدەن لەباڵ
چۆن وەرزەکان بێ کۆتایی بەدوای یەکدا دێن ساڵ بەساڵ
ئەوینی تۆش وەك هەناسە و ڕۆحم ئاوێتەی گیانمە
هەتا ئەژیم لەگەڵمایە، لەدوای مەرگیش نیشانمە

## ئەڵقە

**بۆ تەوافی ئەڵقە واچوون تۆ بەکار و ئەهلی دین**
**وامنیش دەچمە تەوافی ئەڵقەی زوڵفی چین بەچین**
**بێت و دیارم بە دیداری شاد بکەم هەر نامەوێ**
**گەر بە تاپۆش بمدەنێ سا خاکی ئەڵقە و موڵکی چین**
**خۆ تەوافی هەردوو ئەڵقە هەر دەروون ئارام دەکا**
**وەك یەکن هەر یەك بە جۆرێ کاری خۆی بەرپا دەکا**
**من کە ئەڵقەی زوڵفی یاری کوێستانی خۆمم هەبێ**
**بۆچیمە ئەو سوورو پێچەی گەرمە سێر چی زیاد دەکا**
**مەخسەدم مەعلوومە ئەڵقەی کەعبە خۆ پیرۆزە لام**
**بەس کە ئەڵقەی زوڵفی یارم دی نەما فکر و تەمام**
**تا بچم پەنجە هەڵکێشم لە ئەڵقەی ئاسنی سارد**
**من بە ئەڵقەی نەرم و خۆش بۆی زوڵفی یارم موبتەلام**
**خالقم نەگری غەزەب تۆ لەم دڵەی کوژراوی یار**
**من کەوا بۆ ئەڵقەی زوڵفی یاری خۆم بووم بێ قەرار؟**
**ئەڵقەی ئاسن کردگاری دەستی ئەمساڵی منە**
**پێچ و ئەڵقەی زوڵفی یارم نەخشی تۆن پەروەردگار**





## لێوی یار

**بەخەیاڵی لێوی تۆوە چوومە سەیری خونچەگوڵ**
**تاببینم پەڕی ئەو یان لێوی تۆ جەزب ئەکا دڵ**
**هەر کە شکۆفەی ئەوم دی تێگەیشتم لێوی تۆ**
**ئوستازە بۆ خونچە تا چۆن بپشکوێ ببێتە گوڵ**
**کە ئەترازێنی لەیەك دوو لێوت بۆ بزەی نەرم**
**گیان ودڵ ئاگر ئەسێنێ و دوودیدەم ئەیکەن شەرم**
**قاتڵی ڕۆحم نازەنین بزەی دوو لێوانتە**
**توێشووی ڕۆژوی دڵمە ماچت بۆیە بۆی سەودا سەرم**
**هەڵگرە دەستت لە جەورو عەزابی سەر ئەم دڵە**
**خۆت ئەزانی ژینی ئێمە هێندەی گوڵی سەرچڵە**
**با لە شیلە و هەڵاڵەی لێوی شالێوت هەڵمژم**
**گەر بە حەسرەت بمکوژی خۆ قاتڵێك هەر قاتڵە**
**عالەمت خستووەتە زاری تۆش بزەی لێوانتە**
**سا بزانە ئەو دوو لێوەت قەستی ڕۆح و گیانتە**
**گەر لە دوو لێو بزەی لێوت نەدەی زەکاتی لێو**
**ئاهو ناڵە و نزای لێوان باعیسی گریانتە**

## مەی نۆش

سەیرە لام سەرمەست دەبێتە گاڵتەجاڕی ئەهلی دین
لای ئەوان دنیا بەتاڵە! لای مەستیش بێ نرخە ژین
مەست کە دەینۆشێ شەراب و بادە بۆ خەم هەڵوەرین
ڕیابازان لایان وایە بادە نۆشان سەرسەرین
گێلە یا خۆی گێل دەکا لە کردەوە و ئەتواری خۆی
یا بە پشتی نەصو ئەقوال و ڕیوایە لواوە بۆی
ئەهلی صاحی پڕ لە زوڵمە دەفتەری ئەعمالی ئەو
بۆ تەماع و چاوچنۆکی بێسرەوتە و دوور لە خەو
پێت دەڵێ دنیا فانییە و خۆشی ڕاوی ژین دەکا
گەر بڵێی ها مەستبە تاوێك باسی کفرو دین دەکا
ئەو کەپێی وابێ فریشتە با بزانێ ئەحمەقە
ژینی بێ سەربەستی لەژین کوا ڕەوایە کەی حەقە
بادە نۆشی مەست لەلای وایە کە جەنەت هی ئەوە
چونکە بێ تاوانە یا سەرمەستە یا مەستی خەوە
گەر گوناهی بادە نۆشێك نۆشی مەییی و بادەیە
کەوسەر هەر بۆ ڕیا بازان قومێك مەی یەك بەدەیە





## مرۆڤ و کار

هەرچییەك بی سنووردارە زەمەنت
هەرچەند بژی بە کۆتا دێ تەمەنت
بەبێ بەرهەم جێمەهێڵە ڕۆژگار
تا بمێنێ لە مێژوودا دیمەنت
مرۆڤی بێبەرهەم پووشی دەم بایە
لە هەر کوێ بێ لەوێ سووك و ڕیسوایە
نابێ نا کەس مشەخۆر بێ و تەوەزەل
جوانی مرۆڤ لە کار و بەرهەمدایە
ئەم و ئەو وەك یەکن هەر یەك بەجۆرێ
من و تۆ هەموومان کەس لێی نەگۆڕێ
با خزمەتی یەك بکەین هەتاکو هەین
تا خەندە لە ئایندەمان نەتۆرێ
هەموو دەبێ بۆ نەتەوە و نیشتیمان
پڕ سەمەر بێ بیر و باز و هەستمان
ئەوەی نەیبێ خێر و بێر بۆ دەورووبەر
لێی حەرام بێ بەری ڕەنجی دەستمان

# منالْ

به هەردووکی دڵم شادە و بەختەوەر
کوڕم زێڕە و کچیشم دوڕو گەوهەر
هەردوو لایان وەك هەناسە و خوێنمن
دوو بینایین بۆ ژین ڕێ نوێنمن
شادی ئەوان شادی منە لەژینا
کاری باشیان توێشووی منە لە دینا
دار و نە دارم وەك یەك هی ئەوانە
ئەگەر سۆزە یاسەروەت و سامانە
من ئەوانم ئەوان منن هەریەکین
یابەشێوە یا بەڕەوشت وەك یەکین
بەردەوامی نەسل و ژیان بێ ئەوان
وەك تیرێکە مەودا نابڕێ بێ کەوان
بۆیە لای من کوڕ تیر بێ کچ  کەوانە
بۆ پێکانی  ئامانجی  ژیانە





# مەرحەمەت

مەرحەمەت بوو مەرحەمەت یارم کە ئەمڕۆ لوتفی کرد
ئەو برۆی جووڵاند وەکو تیغ جەرگ و د ڵمی پارەکرد
بێ تەئەمول بووم لەبەر ئێش سەبرم گرت و پێکەنیم
تاکو یار مەحزون نەکەم وا تێبگا جەرگی بڕیم
خۆ بە ڕازی ناز بزاوتی دوو هیلالی ڕەش خەتی
ئەو چوزانێ دڵ زعیفە بۆ خەڵات و مروەتی
یاری ڕوماهم مەکە تەخسیر لە عیشوە و نازی ڕووت
جەرگ و دڵ با هەر فیدا بێ بۆ برۆی پڕ موو بەمووت
من کە مەرگم واق ـەدەربێ دوو برۆت بێ قاتڵم
تیری ئەبرۆت زوو بهاوە تا لە دنیا غافڵم
نەك ئەجەل بێت و بەتیری تۆ مەرگ حاصڵ نەکەم
زووکە قوربان چاوەڕێتم با ئیمان باتڵ نەکەم

## مەستی کرد

کە لێوم نایە سەر گۆنا و لێوی ئەو شۆخە نازدارە
تەڕی کرد هەردوو لێوانم هۆشم چوو منی بێ چارە
بە ئارامی هەموو جەستەم درێژی سەر خاك وخوڵ بوو
سەریشم لە ئاوێزانی سینە و مەمی نەرم و نۆڵ بوو
بێ ئاگابووم لە ژینی شووم لەلام وابوو لە بەهەشتم
مەستی کردم ئاوی لێوی شراباً تەهور بوو چەشتم
کە چاوم کردەوە بینیم شێوە حۆری پەری زادە
بە ئاوی لێوی ئەو مەست بووم بە چەشنی شەراب و بادە
نیگام بردە قووڵی ئاسمان نزام دایە کەسی بێکەس
پێم ڕەواکەی لە دوو دنیا هەر ئەم شۆخەم بدەیتێ و بەس





## مێژووت بناسە

کورد بە زەبری نوکی نێزە و شمشێر و تیر و کەوان
دینی ئەصڵی خۆی وەلاناو چووەتە سەردینی ئەوان
گەر تەماشاکەی لە دنیا و وڵاتانی مەسلەمە
پابەند و پارێزەری دین نموونەی وەك کورد کەمە
وا قەرار بوو هەر کەسێ بەو دینە تەسلیم بێ تەواو
دەبێتە قوڕقشمی تووانەوەی توند و تۆڵی تێکەڵاو
نامێنێ فەرق و جودایی بەندەکانی موسلمین
بەس بەتەقوا لێك جودان لای ئافەریدەی عالەمین
زۆر لە مێژە کورد بە دینی نازڵی زاری عەرەب
خەڵوەت کێشە مەست و بێهۆش ونی کرد ئەصڵو نەسەب
خوا وتی "ئێمە دروستمان کرد نەتەوە و هۆزەکان
تاکو پەیوەستبن بەیەکتر یەك بناسن بۆ ژیان"
کەچی برایانی دینم عەرەب و تورك و عەجەم

ڕازی نابن بە کورد بوونم هار ئەبن کورد بڵێ هەم
لە مێژە بۆیان حەڵاڵە دژ بەکورد جەنگ و قیتال
غەزایە کۆمەڵکوژی کورد بەپێی کۆمەڵێك ئەقوال
کیژی ڕووسوری ولاتم غەنیمەتن بۆ تەرەب
وەکو جارییە بڕەقسن لەبەردەم شێخی عەرەب
شەرعییە بۆ ئەو دەبێ ئەنواعی دەوڵەت بێتە بەر
خاکی کوردیش وا حەڵاڵە بەش بەشی کەن دەورووبەر
چەند عەیامە کورد بە فیکری دوژمنانی" خۆ کوژە
گێژ و سەرمەستە بە وەهم و ئەو خەیاڵەی پێی دژە
کورد کە نەتوانێ لە بوون و مافی خۆی پێ داگرێ
دڵنیابێ حەق بەبێ زللە و زەکاوەت نادرێ
زەحمەتە بەو خەصڵەتە کورد تێپەڕێ لە زیللەتی
تاکو خۆی دەرباز نەکا لە ساویلکەیی و غەفڵەتی





## ناپاکی

دڵم سادە بوو لە ئاستی ئەوینت
کەوتمە داوی وتەی نەرم و شیرینت
مەیلم بڕی لە هەرچی خۆشمەویست
باڵە فڕبووم لە ئاسمانی ئەوینت

وام ئەزانی تەنیا تۆی لەم زەمینە
پێتم بەخشی هەرچی سۆز و ئەوینە
کەچی بێ وە فابووی دڵڕەق و ناپاك
بێزارت کردم لە بوونم لەم ژینە

بێ ئاگابووم دڵم دایە دەست قەدەر
هەتا ڕەنجم لە عەشقت چوو بە هەدەر
لە ناپاکی تۆوە بەڵێن تا ماوم
لە بوونی تۆ نامۆ بم و بێخەبەر

## نابینا

پڕ لە حەسرەتە دەروونی بۆ نیگایەك
هەرچی هەیە خەیاڵە بۆ نابینایەك
بەچاوی هەست دەڕوانێتە دەورووبەری
ژیان بۆ ئەو ئاڵۆز و پڕ دەردەسەری
بێ بەهرەیە لە دیمەنی ئەم دنیایە
دیدەی بێبەش لەم ژینە ئاڵ و والآیە
هەستی بینین تەنها بەرکەوتنی دەستە
لەو شتانەی کە لەو ساتە بۆی مەبەستە
لە تۆمارگای مێشك شێوەی بۆ جێماوە
لەو شتانەی کە پێشتر پەنجەی لێداوە
دەنگی کەسێك کە دووجار دەیبیستێتەوە
واچاپ دەبێ لە مێشکی ناسرێتەوە
چەند لەمێژیش نەیبینیبێ کە بانگکرا



ئەڵقە.................................................... شوان مەجید (سەدایی)

ناوی خاوەن دەنگ ئەهێنێ بە ئاشکرا
دیدە و دەلیلی نابینایەك عاسایە
کە وەك بەشێك لە جەستەی لەگەڵیدایە
بەڵام با هەموو بزانین نابینایان
بەهرەمەندن لە ژینا بۆ کۆمەڵگایان
نابینایان کەسانی پڕ خێر و بێرن
بە هەڵوێستن ئازا و جوامێرن دلێرن
پاڵەوانی ژینی سەختن نابن بێزار
شەرم و نەنگییە گەر بەکەم بێنە ژمار

## ناسرەوین

**بە قووڵایی هەموو مێژوو لە دەستپێکی ژیانەوە**

**بە پانتایی ئەو نەخشەیەی وا بە سەر ڕووی جیهانەوە**

**نە خاکێکم دیوە هێندەی کوردستانم دابەشکراو**

**نە گەلێکم دیوە بەقەت نەتەوەکەم جەرگ بڕاو**

**لە ناچاریمانە هەردەم پەنا دەبەین بۆ شاخ و دەشت**

**پەنا دەبەین بۆ سروشتێك ڕەخساوە بۆ سەیران و گەشت**

**لە تاوی ئازار و ستەم سەیرانگە دەکەینە سەنگەر**

**لە شوێن هەر گوڵێکی کێوی تفەنگێك سەر دێنێتە دەر**

**چارەنووسی ئێمە وایە لەدێر زەمانە کەساسین**

**یا دەبێ سەرمان نەویکەین یا تفەنگ و شاخ بناسین**

**کێ هەیە لە وڵاتی خۆی گەر لێی گەڕێن ژینی نەوێ**

**کام گەلەیە لەم دنیایە نایەوێ لە ژین بسرەوێ**

**گەلان هەموو بەختەوەرن هەر یەکەیان لە خاکێکا**

**سەربەست دەژین لەژێر پارچەی ڕەنگاوڕەنگی بەیداخێکا**





**تەنها گەل و نیشتمانە دابەشکراوەکەی منە**

**نە دۆستی هەیە نە خاوەن بە چواردەوریدا دوژمنە**

**بۆیە پێویستە کە هاوڕێی تفەنگ و شاخبین هەتا سەر**

**تا کوردستانمان یەك دەخەین کورد سەربەست دەژی بەختەوەر**

**ئەم تفەنگە هەر لە شانە و لانەی هەڵۆ لانەمانە**

**تادەگەینە لووتکەی ژینێك کە شایستە بە ئینسانە**

## نەفس

**وەك مڕ و مۆرانە دائێم ناو دڵم بیمار دەکا**
**ژەنگوژاری خۆی ئەڕێژێ تاکو ئیستقرار دەکا**
**ئەو نیازی وایە هەرگیز ڕوو لە مەعبودت نەکەی**
**وا خەریکە چی ئیمانە لە خانەی دڵ بار ئەکا**
**وەس وەسەی ئەو وا بە زەبرە زوو لە ناخت کار دەکا**
**زەڕەیەك نەفست زەعیف بێ ئیدراکت لێ تار ئەکا**
**وا بە ئاسانی ئەتخاتە ژێر ڕکێفی نەفسەوە**
**لە بیستنی وشەی جوان و لایەقت بێزار ئەکا**
**موفەتن دەکا بەیارت فەسادیش دۆستی حەبیب**
**بەجۆرێ زاڵ ئەبێ زاڵم لە ئیحسان ئەتکا غەریب**
**جا کە گیرت کرد لە داوی نەفسی ئارەزوو بازت**
**غەیری تۆبە چاری ناکا سەد دەواو دوو سەد تەبیب**





## ئەرکی هەمووومان

**چرای تەمەنت کز دەبێ ڕوو بەمەرگ ئەتبا پیری**
**هەتا دێ لە دەستت دەچێ هێز و توانا و هەست و ژیری**
**بێباکبە لەوەی کە دەمری ترسی تۆ لەدوای مردنە**
**ئاخۆ خاك و نەتەوەکەت ئازاد دەکەن ئەو گەردنە**
**تۆ ڕۆڵەی نەتەوەی کوردی، کوردستانە نیشتیمانت**
**ئەبێ خۆشەویستیت بۆیان زیاتر بێ لەگیان و ژیانت**
**بۆ پارێزی نەتەوەکەت گەر خەو نەزڕێ لەچاوت**
**بۆ ئاوەدانی وڵاتت عەرەق نەتکێ لە هەناوت**
**گەر نەیخەیتە گەڕ بیر و هۆش بۆ پێش ڕەوتی نەوەکانت**
**بۆ داهاتووی گەل و خاکت لە خۆت حەرام نەکەی ژیانت**
**گەر خۆت بە کورد و کورد بەخۆت خاکت بەماڵت نەزانی**
**پێش ئەوەی بمری نامەردی لە دوای مەرگیش پەرێشانی**

# وڵات

عالەمی سەر ئەم زەمینە وڵاتیان ڕەنگین دەکەن
بێ وچان هەردەم لە هەوڵان سومعەتی سەنگین دەکەن
وەك هەنگ و مێرولە دائیم تێکۆشانە پیشەیان
هەر لەفکری ئایندەدان مێژوویان نەخشین دەکەن
کات بەفیڕۆدان لەلایان شەرمەزارییە و زیللەت
هەموویان سەرگەرمی کارن هیچ کەسیش نایکا منەت
کرێکارێك سەرکۆمارێك وەکو یەك فەرمانبەرە
بێ جودایی بۆ وڵاتیان دەبەخشن هەوڵ و هیمەت
سادەن ساکارن لە ئاستی یەکترا وەکو یەکن
نابینی نە خوێندەوارێك گشت بە زانست پڕ چەکن
پیرە یان پەککەوتە و منداڵ بۆی دابینکراوە ماف
کەس نەبێ مافە نەبێ کار لەژیاندا چوون یەکن
زۆرێك لە خاکی میللەتان بێ خێر و بێر و سەروەتە
خاکی بێ خێر لە هەر کوێ بێ بۆ میللەتی عیللەتە





بەڵام، چونکە دڵسۆزن بۆی خاکی خۆیان خۆشدەوێ
وڵاتیان هێندە دڵگیرە لە ئەوسافی جەنەتە
پڕ لە سەروەت و سامانە وڵاتی ئێمە داخەکەم
دەشتی زێڕین ئاوی بەفرین پڕ لە کانزایە خاکەکەم
بەڵام، ئێمە نا دڵسۆزی و دزی و نەگبەتی بەشمانە
بۆیە هەردەم بۆ وڵاتم پڕ لەسۆیە ناخەکەم

## وڵاتی نەوت

**وڵاتی من سەروو ژێری خێر و بێرە**
**هەموو جیهان لە نەوتی وڵاتم تێرە**
**خۆڵی خاکم بۆ گەلانی تر ژیانە**
**بەڵام بۆخۆم نەهامەتی و مەرگ و ژانە**
**ئەوەتا وەکو دەمبینن لەم وڵاتە پڕ لەخێرە**
**خێری هەژارێکی هەژارترین وڵات بە من خێرە**





## وشە

**بێ شێوەیە لە شێوەت شێوەی هەر شێوە دارێ**
**بێنازە لەبەر نازت نازی هەموو نــازدارێ**
**لەنەخشتدا نەخشاوە نەخش و نیگاری نەخشین**
**بێ وێنەیە لە وێنەت بە وێنەی تۆ نازەنین**
**لە جوانی تۆ وشەی جوان بە جوانی کرا خەڵات**
**لە نورت نور کەوتە خۆر هەر بە نورەوە هەڵهات**
**نەرمە ڕەفتاری نەرمت نەرمتر لە نەرمە با**
**گەرمە سۆزی ئەوینت گەرمتر لە گڕەی با**
**گوڵم کە تۆ گوڵم بی بێ ڕەنگ و بێ بۆیە گوڵ**
**دڵی نایە دڵی من دڵ بـدا تە هـەمـوو دڵ**

## یەکی ئایار

**هۆ بنیادنەری بەش مەینەت ئەی کرێکار**
**ئەو ڕۆژە جەژنی تۆ نییە یەکی ئایار**
**گەر نەیفرۆشی وزەی گیان و ژینی ئەمڕۆت**
**نانێك نابێ نە بۆ مناڵت نە بۆخۆت**
**کە تۆ ئەمڕۆت وەکو ڕۆژانی تر وایە**
**لەکێ پیرۆز یەکی ئایار بێ مانایە**
**ئەو ڕۆژە جەژن و شادییە بۆتۆی هەژار**
**کە بۆ ژەمێك دەستتکەوێ ڕۆژانەی کار**
**تا ئێوارە شیلەی گیانت هەڵ ئەمژن**
**ژیان دۆستی لە ناختا ئەکەن بە دوژمن**
**لە تاو ئازار و لەشی ماندووی پڕ ئێشت**
**بیزاری لە ژین لەخۆت و کەس و خێشت**





**بە بازووی تۆ کەلاوە ئەکەن بە بەهەشت**
**بە هێزی تۆ لووتکەی شاخ ئەکەن بە پێدەشت**
**لەسەر هێز و بازوی تۆ ژین بەردەوامە**
**بەڵام ئەوەی مانای ژینە لێت حەرامە**
**ئیتر بۆچی یەکی ئایار جەژنی تۆیە**
**خۆ ئەو ڕۆژەشت وەك ڕۆژان پڕ لەسۆیە**
**تۆ بێ جەژنی جەژن هی تێرو تەسەلە**
**هەرکەس ئەڵێ ئایار جەژنتە درۆیە**

## ئەوینی جانانە

**بەبێ هودە مەگری بۆم لەگەڵ تۆ ژین هەمووی ژانە**
**ساتم بێ ژان نەبردە سەر کە تۆم ناسی لەم ژیانە**
**خۆ تۆ هەستت وەکو بەردە و دڵت وەکو کورەی ئاگر**
**لە کورەی گریان و گڕت بەشم هەر ئاهو سووتانە**
**بە ئاواتی خەندەیەکت تۆرا تەمەنی ژیانم**
**ڕۆژێ نەمدی بزەیەکت وێنەی بێتە سەرچاوانم**
**دڵم وەکو پەروانەیەك شەیدای گڕی نازی تۆبوو**
**کەچی بەگڕی بێنازیت پڕوکاندت هەموو گیانم**
**بێ سروە بوو سۆزی عەشقت بۆ دەروونی پڕ لە حەسرەت**
**بەناکامی کەوتە بەر تیری نیگارت دڵی لەتلەت**
**نەبوو ساتێ بە ئاونگی سۆزت دڵم فێنك بکەی**
**بەناچاری لە بێزاری دڵم کەوتە باری هیجرەت**
**دە ماڵئاوا لە ئەوینت لە دەروونی پڕ لە قینت**
**دەڕۆم دەڕۆم جێت دەهێڵم دوور دەکەومەوە لە ژینت**
**منت سووتاند تکاکارم بەرۆکی کەسی تر نەگری**
**نەیخەیتە داوی جانانەی سارد و سڕی بێ ئەوینت**





## ئەگریجە

**بۆ قەصیدەی مەدح و سەنات وشەی زارم بە پڕتاوە**
**کەچی خاوە ئەبەد ناگا بە وەصفی ئەو زولفە خاوە**
**لە سۆراغە بیری ژیـرم لاو بـووم ئەوا ئێستە پیـرم**
**دەنا بۆ وەصفی زولفانت بۆ پیتێك داماو و گیـرم**
**بەمن شی ناکرێ بـۆچی وا بڵاوە هەودایی مووت**
**لە یەك زیزن یـــا بوونەتە پاسەوانی نیگاری ڕووت**
**چ سەیرێکە تاڵی بسکت ئێشکچی جووتە شمشێرە**
**پاسەوانی پاسەوانن لـە حـزووری دوو ئەستـێرە**
**بۆ مەستییەك وەکو شەیدا بۆ مژی ئاوی لێو هاتم**
**وەها گیربووم لەداوی مووت بەدی ناکەم ڕێی هەڵاتم**
**شێواویی ئەگریجەکەی تۆ ئاڵۆزی کرد خەیاڵاتـم**
**تاساوم یا داوی پرچت تەنیـویەتی ڕێی نەجاتم**

## ئەوین

**پێیان وتم کە ئەوین هەر دەرد و ژانە وتم پیـــرۆز**

**وتیان دووربە لە وەرزی عەشق هەر خەزانە وتم نەورۆز**

**وتیان بێ بەرە ئەو وەرزە  بێ بەرهەمە من وتم گوڵ**

**وتیان ژیـنت دەبێ بەژان سوتێـنەرە من وتم گـــڵ**

**وتیان ساتێك ئارام نابی لە ئەویندا من وتم شـاد**

**وتیان ڕەنجت بێ سـەمەرە وتم شیـرین وتم فەرهاد**

**وتیان ئەویــن دۆزەخیـّکە ژیـنت لێدەکا بە زنــهار**

**وتم بەهەشـت هەر ئەویـنە دۆزەخە بێ ئەویـن و یار**

**وتیان خـۆت مەکە خۆراکی دەردی پڕ ژان و بێچـارە**

**وتم هەر عەشقە خـۆراکی هەسـت و ڕۆحـم لەم هەوارە**

**وتیان لەدوای ئەویـنداری تۆبەیە و پەشـیمانـیـیـە**

**وتم تۆبەی من لەژیـنـێك کە بێ ئەویـن و جوانـــییە**





## بۆ عەبدوڵا پەشێو

**لە شێواوی وڵاتەکەت پەشێوی**

**پەشێواوی پە شێوتر لە پەشێوی**

**پەشێو ناو و شوهرەتی شێواوتە**

**کە بۆ ئەم خاکە شێواوەت پەشێوی**

**گەرشێواو نەبایە خاکی شێواوت**

**پەشێو نەدەبوو بە نیشانە و ناوت**

**گەر پەشێوبان هەموو وەك تۆ بۆ وڵات**

**لەجێی پەشێو شاد دەبووە هێمای ناوت**

## سروشتی کوردستان

**بەبێ ئەندازە و هێڵکاری**
**سروشتی وڵاتم وایە**
**هەموو بستێکی ئەم خاکە**
**فیردەوسی بەهەشتی خوایە**
**تاڤگەی زیوینی سەر بە کەف**
**لەژێری مرواری و سەدەف**
**شاخ و دارستانی چڕی**
**بێشەڵانی سەوز و پڕی**
**لووتکەی چیا و گرد و دۆڵی**
**لرفەی ئاوی چەم و چۆڵی**
**نیگارێکن سەرسووڕهێنەر**
**هەم دڵڕفێنە هەم دڵبەر**
**گەردوون ئەم هەموو جوانییەی**





**لەم خاکەدا خووڵقاندووە**
**کەچی ئێمە بێ باکانە**
**ژینمان لەودا تاراندووە**
**نە نرخی خۆمان دەزانین**
**نە هی نەتەوە و نیشتیمان**
**شەرمە تاوانە گێلییە**
**گەر نەیپەرستین کوردستان**

## سۆزی خاك

**هەرچی سۆز و ئەوین هەیە ئەیبەخشم پێت**
**هەرچەند دووربم تاوی عەشقم نزیکە لێت**
**دڵ بێ پەروا جەفاکارە بۆ دیدارت**
**بۆ سروشتی ڕازاوەی جوانی نیگارت**
**من کە لە دامێنی پیرۆزت خووڵقاوم**
**بە سروەی نەسیمی پاکی تۆ خاراوم**
**بەتۆوە سەنگینە جێگە و دیاری من**
**لەتۆدا ڕەنگینە ژین و ژیاری من**
**هەرچییەك بم بێ بەهایە بێ تۆ بوونم**
**چەند گەورەشبم بێ تۆ بچووك و زەبوونم**
**وڵاتەکەم نیشتمانەکەم کوردوستان**
**گەر تۆ نەبی من بێ لانەم لەڕووی جیهان**





**سەر و گیانم خوێن و ژیانم لەڕێت دایە**
**بێ تۆ هەرچیبم چیم هەبێ بێ بەهایە**
**بێ نرخە هەر کەس بێ خاك و نیشتیمانە**
**خاکی منیش تەنها و تەنها کوردستانە**

## ڤالانتاین

**ڕۆژی جیهانی شەیدایی عەشق و ئەوین**
**جوانترین ڕۆژ کە پێی دەڵێن ڤالانتاین**
**پیرۆز دەکەم لە هەرکەس کە ئەویندارە**
**لەو شەیدایەی کە بۆ جوانیك گرفتارە**
**ڤالانتاین ڕۆژی ئەوین و جوانییە**
**رۆژی ماچ و بەخشینی میهرەبانییە**
**ئەم یادە پیـرۆز لە کەسێك دڵی پاکە**
**لە چاویدا یارەکەی لە دنیا تاکە**
**پیرۆز لەو کەسەی بۆ یاری جێی بڕوایە**
**لە ئەویندا ڕەوشت بەرز و بە وەفایە**
**پیـرۆز لەسەر تۆپی عاشقانی ئەوین**
**لەشیرین فەرهاد وەلی و شەم لە مەم و زین**
**پیـرۆز لە گڵکۆی ئەوینداری دابڕاو**
**کە لەڕیی عەشقا ژینی خۆی خستە پێناو**
**لێتان پیـرۆز ئەویندارن ڕۆژی ئەوین**
**کە بێ بوونی ئەوین وەك یەکە مەرگ و ژین**





## کەرکوك

**کەرکوکی من شاری کڵپە و گڕ و خوێنم**
**نیشتمانی هەزاران بێ سەر و شوێنم**
**ئەوەتەی مێژووت خووڵقاوە ڕەنگت سوورە**
**تروسکەی شادی تائێستاش لەتۆ دوورە**
**ئەی شارە ڕەش پۆشەکەی خاکی وڵاتم**
**هەردەم تۆ کورە بووی بۆ گڕی خەباتم**
**دوژمنانت چاویان وا هەر لە باڵاتە**
**پیلانی یەك لەدوا یەکیان هەر لەدواتە**
**بەڵام کوڕانی تۆ پێشەنگی خەباتن**
**شێری تەنگانە و ڕۆژانی پڕ نەهاتن**
**نیشتیمانی ئێمە بێ تۆ سارد و سڕە**
**دەروونی کورد بۆ باڵای تۆ پڕ لە گڕە**

**گەر تۆ نەبی وڵاتم کپ و خامۆشە**
**بۆنەجاتت لاوی کوردم پڕ لە جۆشە**
**کەرکوکی کورد تاجی سەری جەستەی خاکم**
**دوژمن چییە کە من لە مەرگ بێباکم**
**بەڵێن بێ تا نەتبەینەوە بۆ نیشتیمان**
**بێ منەت بین لە بەخشینی خوێن و ژیان**





## نەتێ دەگەین نەپێی دەگەین

**بۆ ئەم گەردوونە ئاڵۆزە سەودا سەرین**
**هەرچی بزانین هێشتا هەر بێ خەبەرین**
**ئاشکرا بوون خۆر و مانگ و ئەستێرەکان**
**خاك و ئاو پێکهاتە و جۆری ماددەکان**
**لەژێردەریا لەسەر زەوی لە بۆشایی**
**لەم گەردوونە بێ سنوورەی بێ کۆتایی**
**ئێمەی مرۆڤ هار و هاجین و نەوەستاو**
**دەمانەوێ چی پەنهانە بێتە بەرچاو**
**زانست بۆنایا لە ڕۆحدا سڕ دەربێنێ**
**یا لەدوای ئەجەل چرکەیەك بیوەستێنێ**
**یا بۆنایا پێکهاتەی ڕۆح شیکاتەوە**
**بەرلەوەی یەزدانی مەزن بیباتەوە**
**ئێمەی مرۆڤ خوداوەند ڕێگەی پێداوین**

**بەبێ وچان تێبکۆشین تاکو ماوین**
**بەو عەقڵ و هۆشەی کە سنووردارە بۆمان**
**ئاشکرای کەین نزیك و دوور سڕ و پەنهان**
**بەڵام چی زانستە هەتا کۆتایی ژین**
**بیخەینە گەڕ تا ئاخیرەت لە هەولاّ بین**
**کەون فراوانە پێمان نابێ ڕوماڵ**
**بەو زانستەش کە دێتە بەر ساڵ لە دوای ساڵ**
**مرۆڤ لەبەردەم زانستی خوا زەلیلە**
**بۆ پاراستنی سڕی خوا خۆی کەفیلە**
**قورئان کە بۆ ئێمە پێشەوا و دەلیلە**
**پێمان دەڵێ ( وما أوتيتم من العلمَ إلا قليلا )**





## عەشق حەسرەتە

**بەڵێن بدە نیگایەکی نیگاکانت نەڕەنجێنی**
**پێڵوی چاوت بۆ یار نەبێ بۆ کەسی تر هەڵنەهێنی**
**بەڵێن بدە دڵت نەکەی بە دیوەخانی کراوە**
**لە پێشوازی ڕێبواراندا وشەی نەرم بوەرێنی**

**بەڵێن بدە عاشقانە بۆ ئەوین یەکلا بیتەوە**
**وەکو سۆفی لە خەڵوەتا بۆ نیازت پاك بیتەوە**
**بەڵێن بدە ڕوخساری یار بکەیتە ڕووگەی ئەوینت**
**تا لەژان و ئازاری دڵ بە یەکجاری چاك بیتەوە**

**بەڵێن بدە وەك ڕۆژووگر دڵ و جەستەت بتۆرێنی**
**زاری زکرت لە غەیری یار بۆ کەسێ تر نەبزوێنی**
**ئەوین سەختە مەرگ و ژانە بەڵێن بدە وەفادار بی**
**گەر نەتتوانی نەکەی جوانێك بە عەشقەوە بزڕێنی**

## ئەنفال

**دوو دەیە و نیو بەر لە ئێستا و لەم ڕۆژەدا**
**هیتلەرەکەی عۆجەی تکریت بڕیاری دا**
**یەکەم قۆناغی پرۆسەی قڕانی کورد**
**لە گەرمەسێری وڵاتم دەستی پێکرد**
**بەرە بەیانێکی بێدەنگ و کش و مات**
**هێشتا کازیوەی خۆر نەیدابوو لە وڵات**
**بەر لە نوێژی فەجری ناوماڵی خودایی**
**پێش ئەوەی شوان ڕایبدا ڕانی ئاوایی**
**هێشتا لە شیرین خەوا بوون پیـر و منالْ**
**کیژ و کوڕی دلْ پڕ لە ئاوات و خەیالْ**
**بە جەندرمە و پۆستاڵی ڕەش دەوردران**
**تەنها بەتاوانی کورد بوون ڕاپێچ کران**
**لە بیابانی عەرعەر و نوگرە سەلمان**
**زیڕەی منالّی بێدایك گەیشتە جیهان**
**کەچی نە یاسا نە ئیسلام و شەریعەت**
**حەرامی نەکرد قەلاچۆی کوردی نەگبەت**





**لە کاتی نوێژی شێوان گەیشتم پێی وتم ڕۆژ باش**
**بە غەمزە و ڕەخنەوە فەرمووی غرووبە، نوێژی شێوانە**
**وتم گیانم فیدای گیانت کە ڕۆژی ڕووت لە من دەرکەوت**
**جەهانی وا لە من ڕوون کرد کە وەمزانی تلوعانە**
**نالی**

**لە عەشقت بۆ عەشیقەکەت حائیـرە فکری عوشاقان**
**کە مەحبوبەت بووەتە خۆر و لەدوای شێوان لەتۆ هەڵدێ**
**حەزرەت لەچاوی پڕ سۆزی تۆدا وایە تلوعی ئەو**
**بە نورهانی دڵی سووتاوی تۆ و جەهانیش دادەگرێ**

**سەدایی**

**ئەو کتێب و بڵاوکراوانەی لقی کەرکووکی یەکێتی نووسەرانی کورد پاش کۆنفرانسی ئازادی بەچاپی گەیاندوون جگە لە گۆڤاری گزنگ کە بەردەوام مانگانە دەردەچێت**

| ز | ناوی کتێب | بابەت | نووسەر | وەرگێڕ | ساڵ |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٠٨ | خوێندنەوەی چەند دەقێکی ئەدەبی و فیکری | خوێندنەوە | سامان محەمەد | | ٢٠١٠ |
| ١٠٩ | هەرمێیەکانی فیرعەون | شیعر | ئەحمەدی مەلا | | ٢٠١٠ |
| ١١٠ | تەونێك لە شیعر و وشە | لێکۆڵینەوەی ئەدەبی | مەحمود نەجمەدین | | ٢٠١١ |
| ١١١ | ١ ١ ١ نامەی سۆزداری | تێکستی دڵداری | کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: حەمە سەعید زەنگنە | | ٢٠١١ |
| ١١٢ | دانای کوێخا شەوکەت | ڕۆمان | موعتەسەم ساڵەیی | | ٢٠١١ |
| ١١٣ | سەمای روح | کورتە چیرۆك | نەوزاد یوسف کاکەیی | | ٢٠١١ |
| ١١٤ | سلێکوك هۆکلێر عاجباتیی هەشتەم | ڕۆمان | عەبدوڵڵا سەڕاج | | ٢٠١١ |
| ١١٥ | خەزان و شنەی بەیان | شیعر | غازی ڕەشید زەنگنە | | ٢٠١١ |
| ١١٦ | بزووتنەوەی ڕوانگە و شاعیرانی حەفتا و | لێکۆڵینەوەی ئەدەبی | د.هیمدادی حوسێن | | ٢٠١١ |
| ١١٧ | ئاوابوونی جەستە لە سەفەری دڵدا | شیعر | ستار ئەحمەد عەبدولڕەحمان | | ٢٠١١ |
| ١١٨ | دەرگاکان | کۆچیرۆك | خالید مەجید فەتحوڵڵا | | ٢٠١١ |
| ١١٩ | تەنیا لەبەر مەعاشەکەیە | کورتیلە چیرۆك | بەکر دەروێش | | ٢٠١١ |
| ١٢٠ | گەشەکردنی زمانی منداڵ | زمانی منداڵ | | و: د.ئازاد باخەوان و ناصح محمد | |
| ١٢١ | لە لووتکەی ئەدەبی ئەڵمانەوە | لێکۆڵینەوەی ئەدەبی | عومەر عەلی شەریف | | ٢٠١١ |
| ١٢٢ | وازییەکانی رەشەگۆم | ڕۆمان | کاکە مەم بۆتانی | | ٢٠١١ |
| ١٢٣ | شاری لە غەم ئاوسبوو | ڕۆمان | سالار ئیسماعیل سەمین | | ٢٠١١ |
| ١٢٤ | ململانێ لەگەڵ پرسیاردا | کۆدیدار | دانا عەسکەر | | ٢٠١١ |
| ١٢٥ | ئەو نامانەی بۆ پیرێتی خۆم دەیاننێرم | دەق | سوارە نەجمەدین | | ٢٠١١ |





| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٢٦ | عامُ الصِّفو | شعر | صباح رەنجدەر | ترجمە: المهندس محمد حسين رسول | ٢٠١١ |
| ١٢٧ | ڕاکشان لە تەنیشت تارمایی نیشتمانەوە | چەند دەقێکی شانۆیی | عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ) | | ٢٠١١ |
| ١٢٨ | لقاءات تحت أشعة الحروف المشرقة | مجموعة حوارات | سردار زنكنە | | ٢٠١١ |
| ١٢٩ | دزەکان | کۆمەڵە چیرۆك | | ئازاد نەجم | ٢٠١١ |
| ١٣٠ | ڕووبەرێکی ڕەخنەیی | ڕەخنەی ئەدەبی | د. فوئاد ڕەشید | | ٢٠١١ |
| ١٣١ | کتێب | خوێندنەوەی بیست تێکستی | جەلیل کاکەوەیس | | ٢٠١١ |
| ١٣٢ | لە سۆاخی عیشقدا | کۆمەڵە چیرۆك | سەلمان شێخ بزێنی | | ٢٠١١ |
| ١٣٣ | عومەر سەیفەدین | لێکۆڵینەوە | | و. لە تورکییەوە: ئەحمەد تاقانە | ٢٠١١ |
| ١٣٤ | مەحوی ناسی | لێکۆڵینەوە | هیمداد شاهین | | ٢٠١١ |
| ١٣٥ | بەیداخ | نۆڤڵێت | حەمە کەریم عارف | | ٢٠١١ |
| ١٣٦ | زایەڵەی ئاوەسپی | کۆمەڵە بەرهەم | ئا: بەکر دەروێش | | ٢٠١١ |
| ١٣٧ | بازاڕی ناوخۆیی | ڕۆمان | | و: بورهان ئەحمەد | ٢٠١١ |
| ١٣٨ | ڤلادیمێر سیمۆنەڤیچ ڤیسۆتسکی | وەرگێڕان | | و: لە رووسییەوە: گوڵاڵە نوری | ٢٠١١ |
| ١٣٩ | پەنجەرە بچووکەکان | وتاری ڕەخنەیی | ئازاد عەبدولواحید | | ٢٠١١ |
| ١٤٠ | چەند بوارێکی زانستی زمانەوانی کوردی | زمانەوانی | حمید خالید کەریم | | ٢٠١١ |
| ١٤١ | گەڕانەوە | چیرۆك | چنوور نامیق | | ٢٠١١ |
| ١٤٢ | لە مەدرەسەی نالییدا | لێکۆڵینەوەی ئەدەبی | حەمە مەنتك | | ٢٠١١ |
| ١٤٣ | قاوەخانە | کۆمەڵە چیرۆك | | و: ستار شێخانی | ٢٠١١ |
| ١٤٤ | دارستانێك لە شمشاڵ | شیعر | نامق هەورامی | | ٢٠١١ |
| ١٤٥ | شینبوونی بەرد | کۆچیرۆك | د. موحسین ئەحمەد | | ٢٠١١ |
| ١٤٦ | چۆن و چی بۆ منداڵ | لێکۆڵینەوە | لەتیف هەڵمەت | | ٢٠١١ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٤٧ | مصطبة وحيدة أمام القلعة | دراسة | فاروق مصطفي | | ٢٠١١ |
| ١٤٨ | في الشعر الكُردي المعاصر | دراسة | هشام القيسي | | ٢٠١١ |
| ١٤٩ | کتێبی بۆشاییەکان | شیعر | ئەدیب نادر | | ٢٠١١ |
| ١٥٠ | ئەو هەتیوەی نابێت بە پیاو | چیرۆك | | عەبدولستار جەباری | ٢٠١١ |
| ١٥١ | ڕاز و گەمەی ئیشق | شیعر | عەباس مەجیـــــد | | ٢٠١١ |
| ١٥٢ | نووسەر و نووسینەوەی زمان | لێکۆڵینەوە | نیهاد جامی | | ٢٠١١ |
| ١٥٣ | زیارەتی ماچ | شیعر | ڕەسووڵ سوڵتانی | | ٢٠١١ |
| ١٥٤ | لە گێژەنی پرسیاردا | دیمانە | حەمەفەریق حەسەن | | ٢٠١١ |
| ١٥٥ | بنەماکانی ڕەخنەی ئەدەبی | ڕەخنەی ئەدەبی | محەمەد سابیر مەحموود | | ٢٠١١ |
| ١٥٦ | دڵی داگیرساوی دانکۆ | چیرۆکی وەرگێڕردراو | | و: ئەحمەد عارف | ٢٠١١ |
| ١٥٧ | شورای گۆڕەکان | کورتە چیرۆك | هیدایەت محەمەد | | ٢٠١٢ |
| ١٥٨ | کۆچباری گزنگ | ڕۆمانە شیعر | ستار ئەحمەد | | ٢٠١٢ |
| ١٥٩ | بالوولی داناو قەرەقووش | بەسەرهات و پەند و ئامۆژگاری | عەبدوڵڵا عەبدولڕەحمان زەنگنە | | ٢٠١٢ |
| ١٦٠ | هونەرستان | خوێندنەوەگەلێکی هونەرییە | ئازاد گەرمیانی | | ٢٠١٢ |
| ١٦١ | بەسەر شانی سەحەردا وەرە | کۆمەڵە شیعر | عەبدولرەحیم سەرەڕۆ | | ٢٠١٢ |
| ١٦٢ | مینا ڕەنگینەکان | کورتە چیرۆك | جەلیل محەمەد شەریف | | ٢٠١٢ |
| ١٦٣ | چیرۆکەکان | کۆمەڵە چیرۆك | محەمەد عەبدولڕەحمان زەنگنە | | ٢٠١٢ |
| ١٦٤ | گەڕانەوەی تارماییەکەی ژەنەراڵ | کۆچیرۆك | سەمەد ئەحمەد | | ٢٠١٢ |
| ١٦٥ | کەرکوك لە دیدی چەند سەرچاوەیەکدا | لێکۆڵینەوەی مێژوویی | هاشم عاصی کاکەیی | | ٢٠١٢ |
| ١٦٦ | گوڵبژێرێك لە وتەی ناوداران | وتەی ناوداران | ئامادەکردنی: ڕەزا شوان | | ٢٠١٢ |
| ١٦٧ | ئەزموونی ڕۆژنامەگەریم | یادەوەری | زاهیر ڕۆژبەیانی | | ٢٠١٢ |





| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٦٨ | مەرگی ئیلزە باسکولایت | کۆمەڵە چیرۆکی وەرگێردراو | و. حسێن عەلی | | ٢٠١٢ |
| ١٦٩ | هۆنراوەکانی تیلەکۆ | هۆنراوە | عاسی عەلی تیلەکۆ | | ٢٠١٢ |
| ١٧٠ | بۆ زاخاوی مێشك | مەتەڵ بۆ مناڵان | عوسمان دەروێش شکور | | ٢٠١٢ |
| ١٧١ | نیوەی پڕی من نیوەی بەتاڵی ئاوێنە | شیعر | گوڵباخ بەهرامی | | ٢٠١٢ |
| ١٧٢ | تۆبەی فیرعەونی | شانۆنامە | وریا شەهاب | | ٢٠١٢ |
| ١٧٣ | هەنگاوێك بۆ ساغکردنەوەی دیوانی خاڵۆی کۆماسی | لێکۆڵینەوە | ئا:کاروان عوسمان عەلی | | ٢٠١٢ |
| ١٧٤ | مۆزایکی خۆشەویستی و مردن | چیرۆکی وەرگێڕدراو | | و: عەبدوڵلا مەحمود زەنگنە | ٢٠١٢ |
| ١٧٥ | آراء وملاحظات نقدية عن الثقافة الكوردية | آراء | جمعة الجباري | | ٢٠١٢ |
| ١٧٦ | بڵقی بەرد | کۆشیعر | خالید کاوێس قادر | | ٢٠١٢ |
| ١٧٧ | کۆچی باڵندەکان | کۆمەڵە شیعر | ساڵەح هەلاج | | ٢٠١٢ |
| ١٧٨ | گورگ و مرۆڤ | چیرۆك بۆ منالان | گرفتار کاکەیی | | ٢٠١٢ |
| ١٧٩ | خۆشترین چیرۆکی ئەوینداران | چیرۆکی وەرگێڕدراو | دەرویش ئەلجەمیل | و. وەلید ڕەمەزان کەریم | ٢٠١٢ |
| ١٨٠ | پیاسەیەك لەگەڵ نوحدا | شیعر | بورهان ئەحمەد | | ٢٠١٢ |
| ١٨١ | ڕەهەندەکانی کوردستانیبوونی قەزای | لێکۆڵینەوە | حەسەن بارام | | ٢٠١٢ |
| ١٨٢ | شەقامەکانی دڵ | شیعر | سەڵاح قابیل | | ٢٠١٢ |
| ١٨٣ | دوو شانۆگەری و چەند باسێکی شانۆیی | شانۆنامە | سوارە کافرۆشی | | ٢٠١٢ |
| ١٨٤ | هاواری ئەنفال | شیعر | محەمەد ئەمین ڕەشید | | ٢٠١٢ |
| ١٨٥ | لە چاوەڕوانی هیچدا | شیعر | سەیوان سەعیدیان | | ٢٠١٢ |
| ١٨٦ | بە باوەشێك لە فەناوە نیشتمانی زویر.... | شیعر | عەبدولا سلێمان (مەشخەڵ) | | ٢٠١٢ |
| ١٨٧ | المدينة الحُبلى بالـهم | رواية | سالار إسماعيل سمين | أنور حسن موسى | ٢٠١٢ |
| ١٨٨ | ئەو هەورانەی نەبوون بە ماچ | شیعر | چنوور نامیق | | ٢٠١٢ |
| ١٨٩ | پینیکیو | ڕۆمان بۆ مێردمنداڵان | سەرتیپ محەمەد هەمەوەندی | | ٢٠١٢ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٩٠ | شیرین تر لە دەق | لێکۆڵینەوە و ڕەخنە | سەردار جاف | | ٢٠١٢ |
| ١٩١ | ڕەخنە و هەندێ لە ڕاستییەکان | ڕەخنە و لێکۆڵینەوە | غەفور ساڵح عەبدوڵا | | ٢٠١٢ |
| ١٩٢ | من و دەریا | شیعر | عەباس جەمیل جێماو | | ٢٠١٢ |
| ١٩٣ | باخچەی گوڵ و پەپوولە | هۆنراوەی منداڵان | ئەسعەد لوڕ زادە | | ٢٠١٢ |
| ١٩٤ | فیغانێك لە کەرکووکەوە | کۆمەڵە شیعر | نەوزاد محەمەد کاکەیی | | ٢٠١٢ |
| ١٩٥ | ژنێك لێوانلێو لە ئەوین | کۆمەڵە شیعر | خالید باشبلاخی | | ٢٠١٢ |
| ١٩٦ | هاوارەکانی ڕۆژانی جەنگ | ڕۆمان | موعتەسەم ساڵەیی | | ٢٠١٢ |
| ١٩٧ | لە ڕۆخی ڕووباری وێژەوە | لێکۆڵینەوەی ئەدەبی | سەنگەر قوباد | | ٢٠١٢ |
| ١٩٨ | کتێبێکی سەیر لەبارەی شیعرەکانی شێخ ڕەزای | ڕەخنەی ئەدەبی | حەمەساڵح فەرهادی | | ٢٠١٢ |
| ١٩٩ | گوڵخانەی عاریفان | لێکۆڵینەوە | هیمداد شاهین | | ٢٠١٢ |
| ٢٠٠ | حزب گوڵەباخ الجماهیري | مجموعة قصص | محمد سعید زەنگنە | ترجمه: عوف عبدالرحمن عبدالله | ٢٠١٢ |
| ٢٠١ | برء الآلام | طب أعشاب | الشیخ (محیي الدین)الکرکوکي | إعداد: عبدالجبار شوجة البرزنجي | ٢٠١٢ |
| ٢٠٢ | زایەڵەی ئاوەسپی | کۆمەڵە وتارێکی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی و مێژوویی | کۆکردنەوەو ئامادەکردنی : بەکر دەروێش | | ٢٠١٢ |
| ٢٠٣ | ئاڤێستا و یەکتاپەرستی | لێکۆڵینەوە | عومەر حاجی عەلی زەنگەنە | | ٢٠١٢ |
| ٢٠٤ | پاڵەوان لە حیکایەتی فۆلکلۆری کوردی (ناوچەی گەرمیان)دا | لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەیی شیکارییە | سازان جوهر حمه غریب | | ٢٠١٢ |
| ٢٠٥ | أنوثة مدینة | قصائد متحررة | یوسف شواني | | ٢٠١٣ |
| ٢٠٦ | مێخەك | ئەزموونی ڕۆژنامەگەریی | ستران عەبدوڵڵا | | ٢٠١٣ |
| ٢٠٧ | نامەی بەر لە خۆر ئاوابوون | چیرۆك | فەیسەڵ هەمەوەندی | | ٢٠١٣ |
| ٢٠٨ | گەڵای وشە | خوێندنەوە | لەتیف فاتیح فەرەج | | ٢٠١٣ |
| ٢٠٩ | هەنسکی دەریا | پەخشان | ئەرشەد تەحسین | | ٢٠١٣ |
| ٢١٠ | ئەڵقە | هۆنراوە | شوان مجید (سەدایی) | | ٢٠١٣ |